# تأثير البُعد النفسي في التعبيرات المجازية للغة الكردية

نەواز كمال محمد
جامعة كوية/ فاكلتي التربية/ قسم الكوردي
Nawazkamal2199@gmail.com

ا. م. د. تەلار صباح عمر
جامعة كوية/ فاكلتي التربية/ قسم الكوردي
Talar.sabah@koyauniversity.org

**الكلمات المفتاحية**: الاستعارة، الاستعارة المفاهمية، الإحساس، المجال الهدف، المجال المصدر.

**كيفية اقتباس البحث**
محمد ، نەواز كمال ، تەلار صباح عمر ، تأثير البُعد النفسي في التعبيرات المجازية للغة الكردية، مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، كانون الثاني ٢٠٢٦،المجلد:١٦ ،العدد:١ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**Indexed** مفهرسة في
**IASJ**

**Registered** مسجلة في
**ROAD**

# The effect of the psychological dimension on the metaphorical expressions of the Kurdish language

**Nawaz Kamal Muhammad**
Koya University/Faculty of Education/Kurdish Department

**D. Telar Sabah Omar**
Koya University/Faculty of Education/Kurdish Department

**Keywords** : Metaphor, conceptual metaphor, sensation, target domain, source domain.

**How To Cite This Article**
Muhammad, Nawaz Kamal , Telar Sabah Omar, The effect of the psychological dimension on the metaphorical expressions of the Kurdish language,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, January 2026,Volume:16,Issue 1.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

**Abstract**

Emotions are the core, invisible characteristics that adorn human life. They are the foundation and framework of human experience, a response to the ignition of life's events, manifested through language or physiological expressions, because language operates according to a highly precise system, influenced by a complex set of physiological, physical, psychological, social, and natural factors. Since the beginning of existence, humanity has wanted to express and convey what is within their mind and soul - joy, sorrow, desires, wishes, and feelings - to those around them through language. Metaphor is considered one of the important techniques speakers use in this act of communication. This significance has led to the recognition of its importance and impact across various cultural fields, because humanity cannot adapt to the needs of its era using only the words found in the basic dictionary of its language. Humans use metaphor in an astonishing way to make these concepts

visible and describable. That is, emotions are invisible. Metaphor acts as a tool to describe them. The relationship between metaphor and emotion is deep and fundamental. Since the function of metaphor is to better understand certain concepts and to reveal and clarify them, metaphor acts as a structure that builds the framework of our thinking about emotions. Furthermore, it is a path of communication; emotions fall into the category of the target domain because they are invisible and abstract, and they are clarified by the source domain. Thus, it becomes clear here that metaphor is an important tool for presenting our emotions. In this research, our goal is to identify the impact of psychological dimensions on metaphorical expressions in the Kurdish language. For this purpose, we have used several different examples to demonstrate this impact. We have attempted to answer several questions, such as:

-١Do words and images affect the human psyche؟

-٢What is the relationship between the psychological dimension and metaphor؟

-٣What makes metaphor important؟

-٤Is there a connection between the fields of psycholinguistics and metaphor؟

**الملخص**

تُعدّ العواطف هي الخصائص الأساسية وغير المرئية التي تزيّن حياة الإنسان. إنها الأساس والقالب للتجربة البشرية، وهي استجابة لإشعال أحداث الحياة، وتظهر إما عن طريق اللغة أو عن طريق المظاهر الفسيولوجية، لأن اللغة تعمل وفق نظام دقيق للغاية، وتتأثر بمجموعة من العوامل الفسيولوجية والفيزيائية والنفسية والاجتماعية والطبيعية. منذ فجر الوجود، أراد الإنسان بطريقة ما أن يعبّر عما في داخله من مسرّات وأحزان ورغبات وأمانٍ وعواطف ومشاعر، وأن يوصلها إلى من حوله عن طريق اللغة.

يُعدّ المجاز (الاستعارة/الميتافور) أحد التقنيات الهامة للمتحدثين في عملية الإيصال هذه. وقد أدت هذه الأهمية إلى إدراك قيمته وتأثيره في مختلف المجالات الثقافية، لأن الإنسان لا يستطيع التكيف مع متطلبات عصره باستخدام الكلمات الموجودة في المعجم الأساسي للغته فحسب. يستخدم الإنسان المجاز بطريقة مدهشة لجعل هذه المفاهيم شيئًا مرئيًا وقابلاً للوصف. أي أن العواطف غير مرئية. يعمل المجاز كأداة لوصفها. إن العلاقة بين المجاز والعاطفة هي علاقة عميقة وأساسية. وبما أن مهمة المجاز هي تحسين فهم بعض المفاهيم وإظهارها وتوضيحها، فإن المجاز يعمل كهيكل يبني إطار تفكيرنا حول العواطف. بالإضافة إلى ذلك، هو وسيلة للإيصال؛ حيث تقع العواطف في خانة المجال الهدف لأنها غير مرئية ومجردة


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 1
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)
مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ١

(Abstract)، ويتم توضيحها بواسطة المجال المصدر. إذًا، يتضح هنا أن المجاز أداة هامة لعرض مشاعرنا.

في هذه الدراسة، هدفنا هو تحديد تأثير الأبعاد النفسية في التعبيرات المجازية في اللغة الكردية، ولهذا الغرض استخدمنا العديد من الأمثلة المختلفة لتوضيح هذا التأثير. وقد حاولنا الإجابة على عدة أسئلة، مثل:

١- هل تؤثر الكلمات والصور على نفسية الإنسان؟

٢- ما هي العلاقة بين البعد النفسي والمجاز؟

٣- ما الذي يجعل المجاز مهمًا؟

٤- هل هناك علاقة بين مجالات علم اللغة النفسي والمجاز؟

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ١

# کاریگەریی ڕەهەندی دەروونی لە دەربڕینە میتافۆرییەکانی زمانی کوردیدا

نەواز کمال محمد
زانکۆی کۆیە/ فاکەڵتی پەروەردە/ زمانی کوردی
پ. ی. د. تەلار صباح عمر
زانکۆی کۆیە/ فاکەڵتی پەروەردە/ زمانی کوردی

**پوختە**

هەستەکان ئەو تایبەتمەندییە سەرەکی و نادیارانەن، کە ژیانی مرۆڤی دەڕازێننەوە. بناغە و قاڵبی ئەزموونی مرۆڤن، وەڵامێکن بۆ داگیرسانی ڕووداوەکانی ژیان، بەهۆی زمانەوە یاخود بەهۆی دەرکەوتە فیسیۆلۆجییەکانەوە دەردەکەون، چونکە زمان بەپێی سیستەمێکی زۆر ورد دەڕوات بەڕێوە، کۆمەڵێک فاکتەری فیسیۆلۆجی و فیزیایی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و سرووشتی کاری تێدەکەن. هەر لە سەرەتای بوونەوە مرۆڤ ویستوویەتی بەڕێگایەک لە ڕێگاکان ئەوەی لەناو مێشک و دەروونیدا هەیە لە خۆشی و ناخۆشییەکان و حەز و ویست و هەست و سۆز لە ڕێگەی زمانەوە دەرببڕێت وبیگەیەنێت بە خەڵکانی دەوروبەر.

میتافۆر بە یەکێک لە تەکنیکە گرنگەکانی ئاخێوەران دادەنرێت لەم کردەی گەیاندنە. ئەم گرنگییەش وایکردووە، کە لە بوارە ڕۆشنبیرییە جیاوازەکاندا درک بە گرنگی و کاریگەرییەکەی بکرێت، چونکە مرۆڤ ناتوانێت تەنیا بەو وشانەی، کە لە فەرهەنگی بنەڕەتی زمانەکەیدا هەیە، لەگەڵ پێویستییەکانی سەردەمەکەیدا خۆی بگونجێنێت. مرۆڤ بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر میتافۆڕ بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی ئەم چەمکانە بکاتە شتێکی دیار و وەسفپێکراو. واتە هەستەکان نادیارن. میتافۆڕ وەک ئامرازێک کاردەکات بۆ وەسفکردنیان. پەیوەندی نێوان میتافۆڕ و هەست، پەیوەندییەکی قووڵ و سەرەکییە. بەو پێیەی ئەرکی میتافۆڕ، چاکتر تێگەیشتنە لە هەندێک چەمک و دەرخستن و ڕوونکردنەوەی چەمکەکان، میتافۆڕ وەک پێکهاتەیەک کاردەکات، کە پەیکەری بیرکردنەوەمان لەسەر هەستەکان دروستدەکات. لەگەڵ ئەمەشدا ڕێگایەکی گەیاندنە، هەستەکان دەکەونە خانەی بواری ئامانجەوە، چونکە نادیار و شاراوەن (ئەبستراکتن) بەهۆی بواری سەچاوەوە ڕووندەکرێنەوە. کەواتە لێرەدا دەردەکەوێت، کە میتافۆڕ ئامڕازێکی گرنگە بۆ خستنەڕووی هەستەکانمان.

لەم توێژینەوەیەدا ئامانجمان دەستنیشانکردنی کاریگەری ڕەهەندە دەروونییەکانە لە دەربڕینە میتافۆرییەکانی زمانی کوردیدا، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین نمونەی جیاوازمان بەکارهێناوە، هەتاوەکو ئەم کاریگەرییە بخەینەڕوو.

**کلیلە وشە:** میتافۆر، میتافۆری چەمکی، هەست، بواری ئامانج، بواری سەرچاوە.

**پێشەکی**

ڕەهەندی دەروونی کاریگەرییەکی زۆری لەسەر دەربڕینە میتافۆرییەکان هەیە، جیاوازی لە هەستەکاندا هۆکارە بۆ دەربڕینی میتافۆر بەشێوازی جیاواز. خەڵکی بە بەکارهێنانی میتافۆرەکان، هەستەکانیان دەردەبڕن، کە دەبێتە هۆی ئابوریکردن لەزماندا. بەهۆی دەربڕینی میتافۆر، قسە و هەستەکانمان بەڕوون و ئاسانی دەچنە بەرگوێی بەرانبەر. ئەم دەربڕینانەش ڕەنگدانەوەی واتا و هەستە جیاوازەکانی وەک (ترس، خۆشی، هەڕەشە، متمانە، ئیرادە، دڵتەنگی ... هتد.)ین

(کاریگەریی ڕەهەندی دەروونی لە دەربڕینە میتافۆرییەکان لە زمانی کوردیدا) ناونیشانی ئەو بابەتەیە، کە بۆ ئەم توێژینەوەیە هەڵمانبژاردووە. ئامانجی توێژینەوەکەشمان شیکردنەوەی دەربڕینە میتافۆرییەکانی هەستی مرۆڤە، وەک خەم و خۆشەویستی و ترس، هتد...، کە چەند چەمکێکی ئەبستراکت و ئاڵۆزن. بۆ ئەوەی ئەم چەمکانە بکاتە شتێکی دیار و وەسفپێکراو. ئەرکی میتافۆر چاکتر تێگەیشتنە لە هەندێک چەمک و دەرخستن و ڕوونکردنەوەی چەمکەکان، بۆگەیشتن بە ئامانجەکەشمان پەیڕەوی ڕێبازی وەسفی شیکاریمان کردووە. ئەم لێکۆڵینەوەیە ڕۆشنایی دەخاتە سەر گرنگی شیکردنەوەی دەربڕینە میتافۆرییەکانی هەستی مرۆڤە، وەک خەم و خۆشەویستی و ترس، هتد...، توێژینەوەکەمان لە چەند پرسیارێک پێکهاتووە:

١- ئایا وشە و وێنە کاریگەریان هەیە لەسەر دەروونی مرۆڤ؟

٢- پەیوەندی نێوان ڕەهەندی دەروونی و میتافۆر چییە؟

٣- چ شتێک وا لە میتافۆر دەکات گرنگ بێت؟

٤- هۆکاری بەکارهێنانی میتافۆری چەمکی چییە؟

ناوەڕۆکی توێژینەوەکەمان جگە لە پێشەکی و ئەنجام لە دوو بەش پێکهاتووە: لە بەشی یەکەمدا، باس لە چەمک و پێناسەی ڕەهەندی دەروونی دەکەین، لەگەڵ خستنەڕووی لایەنەکانی ڕەهەندی دەروونی و کاریگەری وشە لەسەر دەروونی مرۆڤ، هەروەها ئاماژە بە تیۆری میتافۆری چەمکی و بوارەکانی و جۆرەکانی دەکەین. لەبەشی دووەمدا باس لە

كاریگەری ڕەهەندی دەروونی لەسەر دەربڕینە میتافۆرییەکان دەکەین و شیکردنەوەمان بۆ هەندێک لە میتافۆرە هەستییەکان کردووە. لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و خراونەتەڕوو.

**١- ناساندنی میتافۆری چەمکی و ڕەهەندی دەروونی**

**١-١. چەمک و زاراوە و پێناسەی ڕەهەندی دەروونی:**

زاراوەی ڕەهەندی دەروونی لە دوو وشەی (ڕەهەند و دەروون) پێکهاتووە، زاراوەی ڕەهەند لە فەرهەنگی هەمبانەبۆرینەدا بە واتای: ((خەندەک، ئاوەڕۆی ئاوی پیس، ڕێگە بە ژێر زەویدا لێدان هاتووە)). (موکریانی، ١٣٦٩، ٣٦٤). (زاراوەکەش واتای دووری و قوڵی تێدایە، هەروەها ڕەهەند بە واتای عەوداڵ، ماڵ بە کۆڵەوە، ئاوارەی چۆڵگەر هاتووە. لە زمانی عەرەبیش بە (بعد) هاتووە، دیارە نزیکی ئەم دوو زاراوەیە (ڕەهەند و دەروون) لەوەدا دەردەکەوێت، کە دەگوترێت: (ڕەهەندی شارانە) واتە: وێڵی شاران، وێڵ بوونیش دوورکەوتنەوەیە، یاخود، کە دەگوترێت ئاوی ژێر زەوی، وشەکە نادیاری و شاراوەیی و بزری پێوە دیارە، دواتر بۆ لایەنی دەروونی بەکارهاتووە، کە پراوپڕ جێگەی خۆی گرتووە، چونکە لایەنی دەروونیش شتی شاراوەی ناوەکی مرۆڤە زۆربەی ئەو شتانە دەگرێتەوە، کە لە تونێلی نەست خۆیان حەشارداوە. (ڕمزا، ٢٠١٧، ١١٥).

**ڕەهەندی دەروونی:** ئەو ڕەفتار و کردەوانەن، کە لە ناخی مرۆڤدا هەن، لە ماوەیەکی درێژخایەندا پەرەدەسێنن، شێوازی کەسایەتی و خووەکان، لەگەڵ سیفەت و جیاوازییە دەروونییەکان دیاریدەکەن. یاخود ڕەهەندیی دەروونی بریتییە لە وێنایەکی ڕەفتاری، زۆربەی کات نادیار، کە لە دەرئەنجامی تەقینەوەی نێوان کەس و ژینگەیدا ڕوودەدات. (سوالمیة، شریف، ٢٠٢٢، ٦).

(لە ڕێگەی زمانەوە مرۆڤ گوزارشت لە ناخ و خودی خۆی دەکات و دەتوانێت حەز و ئارەزوو و بیر و بۆچوون و هەڵچوونەکانی بگەیەنێتە کەسانی تر، هەر لە ڕێگەی زمانەوەیە، کە تاک گوزارشت لە خۆشی، ناخۆشی، پێکەنین، دڵتەنگی و توڕەبوونەکانی دەکات، کە ئەوانەش بە چەندەها ڕەفتاری وەک: (پێکەنین، زەردەخەنە، جوڵەی دەست، گۆڕانکاری دەم و چاو، جنێو و هتد). گوزارشتیان لێدەکرێت و تا ڕادەیەک دەبنە بەتاڵکردنەوەی فشارە دەروونییەکانی ناو خودی مرۆڤ). (قەرەچەتانی، ٢٠١٥، ١٥).

**١-٢. لایەناکانی ڕەهەندی دەروونی:**

لایەنەکانی ڕەهەندی دەروونی شێوازی ڕەفتاری ئاشکرا و ڕەفتاری دژیەک و هەستکردن و هەستپێکردنی دەروونی دەگرێتەوە، بەڵام ئێمە تەنها باس لە ڕەفتاری ئاشکرا و دژیەک دەکەین.

**١-٢-١. ڕەفتاری ئاشکرا:**

ڕەفتاری ئاشکرا کاتێک دەردەکەوێت، کە مرۆڤ هەڵدەچێت لە ڕێگەی گۆڕینی ڕووخساری، چاوەکانی، لێوەکانی، ماسولکەکانی، گۆڕانی دەنگی بۆ دەنگێکی بەرزتر. ئەم جوڵە و چالاکییە کاتێک دەردەکەوێت، کە مرۆڤ جموجۆڵێک دەکات وەک هەندێک ئاماژە لە شێوازی هێرش، هەروەها گۆڕانی جەستەیی زۆرجاران هاوشانە لەگەڵ هەڵچوون و هەڵکشانی چالاکی جەستەیی (جوڵەی جەستەیی). ئەویش لە ئەنجامی گۆڕانی ڕوخسار. وەک سور هەڵگەڕان و خێرا لێدانی دڵ و بەرزبوونەوەی فشاری خوێن و شێواوی ماسولکوکان و چاو زەق کردنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەستکردن و هەستپێکردنی دەروونی، کە بریتییە لە خۆگرتنی کەسەکە لەسەر هەستەکانی، هەروەها توندوتیژی و جۆرەکانی. (العنزي، ٢٠١٢، ٢٢). هەستەکان و ڕەفتارە ئاشکراکان زۆرن، لە خوارەوە هەندێکیان دەخەینە ڕوو:

**١. ترس و دڵەڕاوکێ:**

ترس گەورەترین دوژمنی مرۆڤە، کە جۆرێک لە شڵەژان لەناو هەستی تاکدا دروستدەکات، هەروەها ترس لای هەموو مرۆڤێک بوونی هەیە و شتێکە مرۆڤ بەدەستی خۆی نییە. لەگەڵ ئەوەشدا ترس لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە، و ڕادەی ترسیش بەرانبەر بە شتەکان و پێشهاتەکان جیاوازە. ترسی زۆر دەبێتە هۆی نەخۆشی دەروونی لای تاک، هەندێک جاریش مرۆڤ کاتێک دەرئەنجامی کارێک نازانێت ترسێک لای دروستدەبێت، کە ڕێگری دەکات هەنگاو بەرەو پێشەوە بنێت هەربۆیە پاشەکشە دەکات.

ترس کاردانەوەی مرۆڤە بەرانبەر ورۆژێنەرەکان، یان ڕووداوەکان، کە کەسەکە پێیخۆشە لێی دووربکەوێتەوە، یان لێی ڕابکات. (نەسرەدین. ٢٠١٥، ١٦٦). ترس پەیوەندی بە تەمەنەوە نییە دەکرێت مرۆڤ لە پلە و پایە و پۆستی بەرزدابێت، بەڵام ترسی هەبێت. بۆ نمونە کاندیدەکانی هەڵبژاردن هەرچەندە تەمەنیان گەورەیە و پلە و پۆستیان هەیە، بەڵام ترسی دەرچوونیان لە هەڵبژاردن هەیە. بۆیە هەوڵدەدەن دەربڕینەکانیان زیاتر سۆزداری


مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ١

بێت. ترس، یەکێکە لە هەڵچوونە سەرەکی و سەرەتاییە خۆڕسکییەکان، کاتێک ڕوودەدات، کە تاک ڕووبەڕووی بارودۆخێکی ترسناک دەبێتەوە، ئەمەش بە پێی سروشتی وروژێنەرە دەرەکییەکە و شێوە و پلەی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر و بەپێی تەمەن دەگۆڕێت. دەکرێ بگوترێ کاریگەریی ترس لەسەر منداڵ زۆر بەهێزترە لە مرۆڤی پێگەیشتوو و ڕەنگدانەوەی لەسەر قسەکردنی زۆر جار دەبێتە هۆی ئەوەی تووشی زمانگیران ببێت. (عارف، ، ٢٠١١، ٤٨).

دڵەڕاوکێ (قەلەقی): بریتییە لە حاڵەتی شڵەژان و هەڵچوونی گشتی و بەردەوام لە ئەنجامی پێشبینیکردنی هەڕەشەی مەترسیدار لەسەر خودی خۆی نیشانەی جەستەیی و دەروونی هەیە بۆ نموونە: خێرایی و زۆربوونی ژمارەی هەناسەدان، هەست کردن بە خنکان، میز کردنی زۆر، خەو زڕان، خێرا لێدانی دڵ، لەدەستدانی ئارەزووی خواردن و خواردنەوە. (قادر، ٢٠١٦، ٢٣٥). دڵەڕاوکێ ((حاڵەتێکی هەڵچوونییە لە ئەنجامی ترسانی تاک لە شتێکی نادیار سەرهەڵدەدات، جۆرێک لە نائارامی دەروونی دروست دەکات.)). (عزیز، ، ٢٠١٤، ٢٨٥).ئەمەش کاردانەوەیەکی سروشتییە بەرانبەر هەڵوێستە ترسناکەکان، هەستێکی سەرسامکەرە بە پێشبینیکردنی خراپتر و ترسان لێی پێش ئەوەی ڕووبدات، لەو بارودۆخەدا دەردەکەوێت، کە تاک هەست بە هەڕەشە دەکات لە نێو ململانێگەلێک، یان لە دۆخی شکست، یان هەست کردن بە هەڕەشەی ماددی، یان لەدەستدانی ڕێزانی مرۆڤ لە خودی خۆی. (نەسرەدین. ٢٠١٥، ١٧٣-١٧٤).

دڵەڕاوکێ بریتییە لە ((حاڵەتێکی هەڵچوونییە لە ئەنجامی ترسانی تاک لە شتێکی نادیار سەرهەڵدەدات، جۆرێک لە نائارامی دەروونی دروست دەکات.)). (عزیز، ، ٢٠١٤، ٢٨٥).

**٢. شەرم و دڵپیسی:**

شەرم: دەرخستنی ئەو ململانێیە قوڵەی نێوان ویست و ئەو بەربەستانەیە، کە تاک ڕووبەڕووی دەبێتەوە، هۆکاری سەرەکی شەرمنی هەروەک دەروونناسان ئاماژەی پێدەکەن دەگەڕێتەوە بۆ باوەڕنەبوونی تاک بەخۆی، بەم پێیە تووشی ئیفلیجی جەستەیی و فیکری و زمانی دەبێت و توانای دەربڕینی هەست و بیرۆکەکانی ئاڵۆز دەبێت. واتە توانای چالاکی قسەکردنی لاواز دەبێت. (عارف، ٢٠١١، ٤٧-٤٨). کەسی شەرمن لە ڕووی دەروونییەوە هەست بە کەموکوڕی دەکات و بە خۆیدا دشکێتەوە و دوور دەکەوێتەوە و تێکەڵاوی خەڵک نابێت و بوێری ئەوەی نییە داوای مافی خۆی بکات، یان پرسیار لە

شتێک بکات. (حەمەد، ٢٠١٨، ٥٣-٥٧). ئەمەش لە دەربڕین و زماندا ڕەنگدەداتەوە، هەروەک لە پەندی کوردیدا هەیە، کە دەڵێن (ژنی شەرمن شارێک دێنێت).

دڵپیسی: لە ڕووی دەروونیەوە بریتییە لە شک و گومان لە کەسی بەرانبەر بەبێ بوونی هیچ بەڵگەیەکی دیاریکراو. (هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٢٠١٨، ٣١).

**٣. هەڵچوون و شەڕانگێزی:**

شەڕانگێزی ڕەفتارێکی مەترسیدارە و ئامانجی شەڕانگێزی زیان گەیاندنە بە کەسانی دیکە، یان ئازاردانی کەسانی دیکە. بە گشتی ڕەفتاری شەڕانگێزی دەگەڕێتەوە بۆ پێنەگەیشتن و کامیل نەبوونی توانای ئەقڵی و هەڵچوون) (قادر، ٢٠١٦، ٢٣٨).

شەڕانگێزی وەڵامدانەوەیەکی باوە بۆ پاڵەپەستۆ دەروونییەکان، واتە کاتێک مرۆڤ دووچاری بارودۆخێک، یان کێشەیەک دەبێتەوە، پەنا دەباتە بەر شەڕانگێزی وەک هەوڵێک بۆچارەسەرکردنی. بۆ نمونە کاتێک ناخۆشییەک ڕوودەدات لە نێوان دوو کەس، ئەگەر هەردوو لا نەگەیشتن بە ئەنجام، ئەوا ناخۆشییەکە پەرەدەسێنێت و تووشی شەڕ دەبن. مەرج نییە شەڕانگێزی تەنیا ئازاردان و هێرشی جەستەیی بێت، بەڵکو دەکرێت لایەنی دەروونیش بگرێتەوە. (عەزیز، ٢٠١٤، ٢٧٠). بێگومان ئەمەش لە زماندا ڕەنگدەداتەوە و دەربڕینەکانی پڕدەبێت لە وشەی توندوتیژ و گاڵتەپێکردن و جنێودان و سوکایەتی پێکردن.

هەڵچوون: چەمکی هەڵچوون بۆ ئەو گۆڕانکارییە لەناکاوە ناوەکی و دەرەکییە جۆراوجۆرانەی کە تاک لە ئەنجامی گۆڕانی بارودۆخی ژینگەی دەرەوە و ناوەوەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە بەکاردێنن، بەواتایەکی تر دەرخستنی هەستەکانە بەشێوەی زمانی. هەڵچونەکانی تاك ڕووبەڕووی دوو جۆرە گۆڕانکاری دەبێتەوە. گۆڕانکاری جەستەیی و ناوەکییەکان و گۆڕانکارییە دەربڕینە دەرەکییەکان.

((هەڵچون حاڵەتێکی وێژدانی بەهێزی کتوپڕی لە ناکاوە و ڕەنگدانەوەی لەسەر کۆئەندامی جەستەیی و دەرونی تاك دەبێت و کۆمەڵێك نیشانە و دیاردە لەتەك خۆیدا دەهێنێ و باری هەڵچونی مرۆڤی پێ دیاریدەکرێت)). (قەرەتەچانی، ١٩٩٦، ١٣).

**١-٢-٢. ڕەفتاری دژیەک:**

ڕەفتارە دژیەکەکان خۆیان لەم چەند خاڵانەی خوارەوە دەبیننەوە:

**١. خۆشەویستی و ڕق:**

خۆشەویستی هەستێکی قوڵ و شاراوەیە، کە مرۆڤ لە ناخیدا هەستی پێدەکات دەیەوێت لە ڕێگەی وشە سۆزدارەکانەوە دەریببڕێت. خۆشەویستی بریتییە لە وابەستەییەکی قووڵ لە نێوان مرۆڤەکاندا، تێکەڵکردنی نزیکی سۆزداری و گرنگیدان و ئارەزووی پەیوەندی هاوبەش. (Lee, J. A. 1973, 20-40) خۆشەویستی لە ڕوانگەی جیاوازەوە پێناسەی بۆ کراوە (ئاینی، فەلسەفی، عیرفانی، هتد. ...) و بۆ چەند جۆرێک پۆلێنی دەکەن.

- عیشقی حەقیقی (خۆشەویستی ڕاستەقینە): هەندێک دەڵێن خۆشەویستی ڕاستەقینە پەیوەندییەکی ئاسمانییە، دەیبەستنەوە بە ئایینەوە و دەڵێن، خوا مرۆڤی بە خۆشەویستییەوە دروستکردووە. ئەم خۆشەویستییە ڕێگایەکە بۆ گەیشتن بە خودا و کامڵبوونی ڕۆحی. خۆشەویستی لە دەربڕینەکانمان ڕەنگدەداتەوە، مرۆڤ زۆرجار هەوڵدەدات دەربڕینەکانی هەڵگری پەیامی خۆشەویستی بن.

- عیشقی مەجازی (خۆشەویستیی مەجازی): ئەم جۆرە خۆشەویستییە مرۆڤییە و لە نێوان دوو کەس، یان دوو ڕەگەزدا ڕوودەدات، کە لە ئەنجامدا پێیان دەگوترێت (عاشق و معشوق).

- خۆشەویستیی بەویست و بێ ویست:

بەویست: پەیوەستە بە ڕەفتار، ئایین، باری دارایی و تەندروستی، پلە و پایە. وەک: ئەگەر جوان نەبێت، خۆشم ناوێت، ئەم جۆرە لە کۆمەڵگەدا زۆر باوە.

بێ ویست: لە پەیوەندییەکانی ناو خێزاندا دەبینرێت وەک: دایک - منداڵ، خوشک و برا، کوڕ و باوک، هتد...

ڕق: هەستێکی چڕ و بەردەوام و نەرێنییە، کە ئاراستەی تاک، گروپێک، یان شتانێکی دیاریکراو دەکرێت، کە بە هەستکردن بە توڕەیی و بێزاری و ئارەزووی زیانگەیاندن، یان نەهێشتنی ئامانجەکە تایبەتمەندە. زۆرجار لە هەڕەشەی هەستپێکراوی، نادادپەروەری، یان جیاوازییە ئایدیۆلۆژییە قووڵەکانەوە سەرهەڵدەدات. (Sternberg, R. J. 2005, 3-22).

ڕق وەڵامێکی سۆزدارییە (هەڵچوون) بۆ هەڕەشە، نادادپەروەری، یان بێزاری. لە بیزارییەکی بچووکەوە دەستپێدەکات تا تووڕەییەکی توند، جەستە ئامادە دەکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکان لە ڕێگەی وروژاندنی فیزیۆلۆژی (بۆ نموونە زیادبوونی لێدانی دڵ) و پاڵنەرەکانی تر، بۆ نموونە (ئارەزووی نارەزایەتی، یان تۆڵەسەندنەوە). (Lazarus, R.S. 1991, 215-219).

کەواتە دەکرێ بڵێین، ڕق بریتییە لە کینە و ناخۆشییەکی قووڵ و درێژخایەن، کە مرۆڤ بەرانبەر کەسێک، یان ڕووداوێک، هەستی پێدەکات، بەهۆی ئەزموونێکی ناخۆش (وەک بێڕێزی، نادادپەروەری، خیانەت...). ئەم ڕقەش لە دەربڕینی مرۆڤەکان بەدی دەکرێت.

**٢. چێژ و ئازار:**

چێژ ئەزموونێکی چێژبەخشی ئەرێنییە، کە لە هاندەرە هەستیارەکان، پاداشتەکان، یان چالاکییە واتادارەکانەوە سەرهەڵدەدات، بە ناوبژیوانی سیستەمی دۆپامینەرژیک (Dopaminergic)، ئۆپیۆید (Opioid) و ئەندۆکانابینۆید (Endocannabinoid) لە مێشکدا. وەک نیشانەیەکی پاڵنەر کاردەکات، کە ڕەفتارەکانی مانەوە بەهێز دەکات. بۆ نمونە (خواردن، پەیوەندی کۆمەڵایەتی، فێربوون) بەرز دەکاتەوە. ( Kringelbach, M.L. & Berridge, K.C, 2010, 3-15).

چێژ هەستێکی ئەرێنیی دیارکراوە. حاڵەتێکی هەستی جیاوازە، کە دەکرێت بە متمانەوە پێوانەی بۆ بکرێت، جیاوازە لە هەستە ئەرێنییەکانی تر، بەڵگەیە لەسەر بەرەوپێشچوونی باشبوونی هەستی کەسی. (Watkins et al., 2017, 1).

ئازار هەستێکی ناڕەحەتە، کە بە جەستەت دەڵێت شتێک هەڵەیە. دەکرێت لە برین (وەک بڕین)، نەخۆشی (وەک سەرئێشە)، یان تەنانەت فشار (وەک گرژی ماسولکەکان) بێت. ئازار وا دەکات سەرنج بدەیت و خۆت لە زیان بپارێزیت. ( Passer, M. & Smith, R. 2019, 115). واتە ئازار ئەزموونێکی هەستیاری و سۆزداری ناخۆش، کە پەیوەستە بە تێکچوون، یان زیانگەیاندنی ڕاستەقینە بە شانەکان. (IASP, 1981, 1).

**٣. متمانە و بێ متمانەیی:**

متمانە بریتییە لە باوەڕپێکردنی کەسی یەکەم بە کەسی دووەم بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی هاوبەش. واتە بریتییە لە هەستکردن بە سەلامەتی لەنێوانیادا، چونکە هەردوولا چاوەڕێی ئەوە لەیەکتر دەکەن، کە ڕاستگۆ و خەمخۆر بن لەگەڵ یەکدا. ( Aronson, Wilson and Akert, 2022, 352). واتە ئامادەیی لایەنێک بۆ ئەوەی بەرانبەر بە کردارەکانی لایەنێکی دیکە لاواز بێت. بە پشتبەستن بەو چاوەڕوانییەی، کە ئەوی دیکە کارێکی تایبەت ئەنجام بدات، کە گرنگە بۆ ئەمیندارەکە، بەبێ گوێدانە توانای چاودێریکردن، یان کۆنترۆڵکردنی ئەو لایەنەی یەکەم. (Mayer, Davis, & Schoorman, 1995, 712)).

واتە ئەمەش دۆخێکی دەروونییە، کە لە ویستی قبوڵکردنی لاوازی پێکدێت لەسەر بنەمای چاوەڕوانییە ئەرێنییەکانی مەبەست، یان ڕەفتاری کەسێکی دیکە. (Rousseau et al., 1998, 395). متمانە لە گووتار و ئاخاوتنی مرۆڤیشدا دەردەکەوێت. بۆ نموونە (سەری پێ بسپێرە).

بێ متمانەیی، پێچەوانەی متمانە بریتییە لەو باوەڕەی، کە ڕەنگە کەسی یەکەم دژی بەرژەوەندییەکانی کەسی دووەم مامەڵە بکات. بریتییە لە وریایی و گومان و چاوەڕوانی زیان کردن، زۆرجار لەسەر بنەمای ئەزموونەکانی ڕابردوو، یان ڕەفتاری چاودێرکراوەوە دێتە بوون. (Aronson, Wilson and Akert, 2022, 352). واتە کەسێک ترسی لەدەستدانی پەیوەندییەکی بەرچاوی هەبێت لەگەڵ کەسێکی تر، کە وەک ڕکابەرێک سەیر دەکرێت. بەهۆیەوە هەستی تریش دێنە ناو. وەک: ترس لە لەدەستدان، بێمتمانەیی، دڵەڕاوکێ و تووڕەیی. (Al-Dehaiman, 2021, 906)

**٤. دڵخۆشی و خەمۆکی:**

دڵخۆشی: دۆخێکی بەردەوامی خۆشگوزەرانییە، کە هەست و سۆزی ئەرێنی (وەک خۆشی و ڕازیبوون)، هەستکردن بە واتا و ڕەزامەندی لە ژیان لەخۆدەگرێت. زیاترە لە چێژێکی کاتی، هەستکردن بەوەی، کە ژیان باشە لەخۆدەگرێت. (Compton, W.C. & Hoffman, E. 2020, 5).

دڵخۆشی واتە زیادەڕۆیی و زاڵبوونی هەستە سۆزدارییە ئەرێنییەکانی تاکێک بەسەر هەستە نەرێنییەکانیدا. (Ng, 2021, 1). هەرکاتێک مرۆڤ دڵخۆشبوو ئەوا لە دەربڕینەکانیشی ڕەنگدەداتەوە. وەک (لەخۆشییا دەفەڕم).

خەمۆکی پێچەوانەی دڵخۆشی، نەخۆشییەکی تەندروستی دەروونییە، کە بە دڵتەنگی بەردەوام و بێهیوایی و لەدەستدانی ئارەزووی چالاکییەکان دیاریدەکرێت. کار لە ژیانی ڕۆژانە دەکات و گۆڕانکاری لە بیرکردنەوە و هەست و ڕەفتار و تەندروستی جەستەیی لەخۆدەگرێت. (Hooley, J.M., Nock, M.K. & Butcher, J.N. 2024, 245-246).

خەمۆکی: بریتییە لە دابەزینی دۆخی ورەی کەسەکە لەگەڵ پاشەکشێی لە گیانی دەستپێشخەری و کەمی ئازایەتی و زاڵبوون بەسەر هزرە ڕەشبینییەکاندا، یان دۆخێک لە هەرسی عەقڵی، کە تاسان بەسەریدا زاڵ دەبێ بەبێ هۆکارێکی ڕوون و ئاشکرا.

(نەسرەدین، ٢٠١٥، ٥٧). خەمۆکی کاریگەری نەرێنی لەسەر دەروونمان هەیە و لە دەربڕینەکانماندا دەردەکەوێت. بۆ نمونە (خەم شانی گرتووم).

**٥. دڵنیایی و وەسواسی:**

دڵنیایی بریتییە لە بارێکی دەروونی، کە دوورە لە گومان. قەناعەتێکی بابەتی، کە شتێک ڕاستە، ڕاستەقینەیە، یان ڕوودەدات. لە متمانەی لاوازەوە دەستپێدەکات. بۆ نمونە، (پێمەوایە) تا دڵنیایی ڕەها، بۆ نمونە (من ئەمە دەزانم). (Baron, J. 2017, 89).

وەسواسی: ناوە زانستییەکەی (سیکاسینیایە) کاتێک لە ڕووی زانستییەوە باس لە واسواسی دەکرێ، وەسواسی نەخۆشییەکی دەروونی ئەقڵیە، لە دەرئەنجامی کۆمەڵێک گوشاری دەروونییەوە دروستدەبێت، ئەو کەسانەی، کە بە زۆر، هەندێک لە بیر و بۆچوون دێتە ناو مێشکیان، تووشی جۆرێک گومان و خەیاڵ دەبن، کردارێک زیاتر لە جارێک دووبارە دەکەنەوە و وزەی دەروونی سەرف دەکەن بێ ئەوەی دەرئەنجامێکی هەبێت. (حەمەد، ٢٠١٨، ٨). وەسواسی نیشانەیەکی سەرەکی ئەوەیە، کە کەسێک بە بەردەوامی بیرکردنەوەی (چی دەبێت ئەگەر)ی لە مێشکدایە، کەسەکە ناتوانێ هەست بە دڵنیایی بکات تەنانەت ئەگەر بەشێوەیەکی لۆژیکیش پێویستبکات دڵنیابێت. (Hyman, B.M. & Pedrick, C. 2022, 27-29).

**٦. ئارامی و توڕەیی:**

ئارامی دۆخێکی ئارامی ناوەوە و ڕوونی دەروونییە، دوور لە وروژاندن، یان هەست و سۆزی سەرسەخت. پەیوەندی بە دوورکەوتنەوە لە زریانەکانی ژیان نییە. بەڵکو پەیوەندی بە دۆزینەوەی بێدەنگییە لەناویاندا. (Dalai Lama & Cutler, H.C. 2009, 107-108).

ئارامی بە لایەنێکی دەروونی مرۆڤ دادەنرێت. دەبێتە هۆی ئاسودەیی و حەسانەوە و خۆشگوزەرانی لە ژیان. ئارامی بریتییە لە هەستکردنی تاک بە دڵنیایی و ئارامی بوونی هاوپەیوەندییەکی پتەو لە نێوان هەموو لایەنەکانی جەستەیی، دەروونی، کۆمەڵایەتی و کارامەیی و لێهاتوویی ئەو مرۆڤە. بۆ خۆسازدان لەگەڵ ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی، کە توانای ئەوەی هەبێت بەرەنگاری گرفت و ناخۆشییەکانی ژیان ببێتەوە و هەست بە چالاکی و نەبەزی خۆی بکات. (قەرەچەتانی، ٢٠١٠، ١٢).

دۆخێکی دەروونی جێگیر، یان هەبوونی مەیل بەرەو هەموو ئەزموونەکان، بەبێ گوێدان بە حاڵەتە سۆزدارییەکانی تری خود (خۆشی و ناخۆشی). Desbordes

(et al., 2014, 356)). لەکاتی دۆخی ئارام، مرۆڤ وشەکانی جیاوازە لەگەڵ دۆخی هەڵچوون و تووڕەییدا. بۆ نمونە (سەبری ئەیوبت هەبێت).

تورەیی: پێناسەکانی تورەیی جیاوازن. Berkowitz و Harmon–Jones تورەیی وەک (نیشانەیەکی هەستکردن، مەعریفە و کاردانەوە فیسیۆلۆژییە تارادەیەک تایبەتەکان، کە بە شێوەیەکی پەیوەندیدار پەیوستن بە ئارەزووی بریندارکردنی هەندێک ئامانج) پێناسە دەکەن. (Berkowitz and Harmon–Jones, 2004, 108). شیۆتا و کەلات تورەیی بەم شێوەیە پێناسە دەکەن (ئەو حاڵەتە سۆزدارییەی، کە پەیوەندی بە هەستکردن بە بریندارەبوون، یان تورەبوونەوە هەیە، لەگەڵ ئارەزووی هەڕەشەکردن، یان ئازاردانی ئەو کەسەی، کە تورەی کردوویت). (Shiota & Kalat, 2012, 176). هەرکاتێک مرۆڤ تووڕەبوو لە ڕەفتاریدا، ئەوا لە زمانیشدا ڕەنگدانەوەی دەربڕینە توندوتیژەکان و زبرەکان بەرانبەر کەسانیتر بەکاردەهێنێت. بۆ نمونە (لە تووڕەییدا ئاگرم دەهێنا).

**١–٣. کاریگەری وشە لەسەر دەروونی مرۆڤ:**

وشە و وێنە دوو سەرچاوەی وەرگرتن و دەربڕینی زانیارین بۆ مرۆڤ، کاتێک یەکدەگرن، توانای دەربڕین و کاریگەرییان بە شێوەیەکی بێسنور زیاد دەکات. ئەم هاوئاهەنگییە تەنها کۆکردنەوەی دوو ڕێگای ڕاگەیاندن نییە، بەڵکو دروستکردنی زمانێکی نوێیە، کە هەستی بینین و تێگەیشتن یەکدەخات. وێنە زمانێکی گشتگیرە، ڕاستەوخۆ و خێرا کاردەکاتە سەر هەستە سەرەکییەکانی مرۆڤ، لە چەند چرکەیەکدا چەندین پەیام بەدەستەوە دەدات، کە دەربڕینی بە وشە دەکرێت چەند خولەکێک، یان زیاتر بخایەنێت. هەروەها هەستێکی ڕاستەقینە و نزیکی دروستدەکات، وەک ئەوەی بینەر خۆی لە ناوەوەی ڕووداوەکەدا بێت. توانای هەڵگرتنی کۆمەڵێک هەستی جیاوازی هەیە. لەگەڵ ئەمەشدا وشەکان ئامرازێکی سەرەکی پەیوەندی نێوان مرۆڤن و کارامەن لە گەیاندن و وەرگرتنی زانیاری. دەتوانن پێشهات و ڕوانگە و هەستەکانی پشتەوەی وێنە ڕوون بکەنەوە، دەتوانن کاریگەربن لەسەر هەستەکانی گوێگر. بۆ نمونە کاتێک بە کەسێکی نابینا دەوترێت (کوێر) هەستێکی نەرێنی لای گوێگر دروستدەبێت، بەڵام کاتێک لەبری وشەی کوێر وشەی (نابینا) بەکاردێت هەمان هەست دروستنابێت، یان کاتێک کەسانێک، کە نەخۆشی دەروونییان هەیە وشەی (شێت)یان بۆ بەکاردەهێنرێت هەستێکی نەرێنی و بێڕێزی تێدا بەدی دەکرێت، بەپێچەوانەوە کاتێک پێیان دەگوترێت (بەخشراو) هەستێکی پڕ بەزەیی و ڕێزلێنان دێتە ئاراوە. ڕۆژان نوری پێیوایە، کە وشەکان بەپێی ئەو



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ١

دەروووبەرە سۆزدارییەی، کە تێیدا بەکاردەهێنرێن، واتای جیاواز دەبەخشن. هەروەها ئەم جۆرە دەروبەرە ئاماژەکردن بۆ ئەو واتا دەروونییانە دەرەخسێنێت، کە قسەکەر دەیەوێت لای گوێگر بیورووژێنێت. (عەبدوڵڵا، ١٥٠، ٢٠١٤).

کەواتە وشە و وێنە بەیەکەوە کاریگەری ڕاستەوخۆ و خێرایان هەیە لەسەر وەرگرتن و گەیاندنی زانیاری بە مێشک. بۆ نموونە خستنەڕووی زامی ئەنفال بە وشە بەتەنیا جگە لەوەی کاتێکی زۆری پێویستە، ئەرکێکی زۆریش دەخاتە سەر قسەکەر بۆ گەیاندنی تەواوی پەیامەکە، بەڵام ئەگەر بێتوو بە تێکەڵکردنی لەگەڵ وێنە و ڤیدیۆدا بیخاتەڕوو، بێگومان سەرنج و تێگەیشتنی زیاتر لە گوێگرانەوە تێبینی دەکات و کاریگەری زیاتر بەسەر گوێگرانەوە جێدەهێڵێت، یان کاتێک دەگوترێت (ئاگری لێ دەبارێت) ئەم دەربڕینە هاوئاوازە لەگەڵ وێنەیەک، کە (ئاگر)ە، ئاگر لە مێشکی مرۆڤدا بەزۆری وەک هەڕەشە و توندوتیژی ڕاڤەی بۆ دەکرێت، بۆیە کاتێک ئەمە بەر گوێ دەکەوێت ڕاستەوخۆ هەست بە تووڕەیی و زەبر دەکرێت. ئاڵەن پاڤیۆ دەڵێت، کە تیۆری کۆدی دووانی (Dual Coding Theory): ڕەفتار و ئەزموونی مرۆڤ لە ڕێگەی کارکردنی یەکگرتووی دوو سیستەمی دەروونییەوە ڕووندەکاتەوە: سیستەمێکی زارەکی تایبەتمەند بۆ زمان، و سیستەمێکی نازارەکی (وێنەیی) تایبەتمەند بۆ نوێنەرایەتیکردنی زانیاری هەستکردن و فەزایی. (Clark & Paivio, 1991, 151). زانای دەروونناسی ئاڵەن پاڤیۆ دەریخست، کە مێشک دوو سیستەمی جیاوازی هەیە بۆ هەڵگرتنی زانیاری: ١- سیستەمی زارەکی: وشە، دەنگ. ٢- سیستەمی نازارەکی: وێنە، شێوە، ڕەنگ.

کاتێک هەردوو سیستەمەکە بەیەکەوە کاردەکەن (وەک بینینی وێنەیەک و خوێندنەوەی ڕوونکردنەوەیەک)، زانیارییەکان لە دوو شوێنی جیاواز لە مێشکدا هەڵدەگیرێن. ئەمەش واتای ئەوەیە، کە لە کاتی بەبیرهێنانەوەدا، مێشک دەتوانێت لە هەردوو ڕێگەوە زانیارییەکان بێنێتەوە یاد، کەوا لە یادەوەری دەکات بەهێزتربێت و بۆ ماوەیەکی زیاتر بمێنێتەوە.

**١-٤. میتافۆری چەمکی:**

لە ساڵی ١٩٨٠ دوو توێژەر و نووسەر بەناوەکانی (جۆرج لاکۆف و مارتن جۆنسۆن) کتێبێکیان بڵاوکردەوە بە ناونیشانی (ئەو میتافۆرانەی لەگەڵیاندا دەژین) و تیۆرێکی نوێیان خستەڕوو، کە تیۆری میتافۆری چەمکی بوو. ئەم تیۆرە نوێیە تێگەیشتن و

تێڕوانینی بۆ میتافۆڕ دووباره له قاڵب دایه‌وه و له ئه‌نجامدا تێڕوانین و کارەکانی پێشوو له باره‌ی میتافۆڕه‌وه که‌وتنه ژێر پرسیار و گومانه‌وه.

ئه‌م دوو پێشه‌نگه پێیانوابوو میتافۆڕیان له زیندانی زمان ئازاد کردووه، که زیاتر له دوو هه‌زار ساڵه له‌وێدا زیندانی بووه. له ئه‌رستۆوه تا پراگماتیسته‌کان. بۆ ئه‌وان ئیتر میتافۆڕ دیارده‌یه‌کی زمانه‌وانی نییه، که له ئه‌نجامی پرۆسه‌ی جێگروه، یان گواستنه‌وه له واتایه‌کی وشه‌یی بۆ واتای میتافۆری سه‌رچاوه‌ی گرتووه، به‌ڵکو پرۆسه‌یه‌کی مه‌عریفییه، که له عه‌قڵدا هه‌یه و سیسته‌می چه‌مکیمان داده‌مه‌زرێنێت و ئه‌زموونی ژیانمان به‌ڕێوه ده‌بات. ئه‌مه‌ش به‌و واتایه‌یه، که میتافۆڕ له ناوه‌ڕۆکه‌که‌یدا چه‌مکییه، نه‌ک له سروشتدا زمانه‌وانی، هه‌روه‌ها ڕه‌تی ده‌که‌نه‌وه میتافۆڕ تایبه‌ت بکرێت به شاعیران و نوسه‌ران و ئه‌و که‌سانه‌ی، که سه‌رقاڵی نوێژینه‌وه‌ی ڕه‌وانبێژین، به‌ڵکو دیارده‌یه‌کی هاوبه‌شی هه‌موو مرۆڤه‌کانه و میتافۆڕ به پێداویستییه‌کی زمان ده‌زانن، ته‌نانه‌ت ئه‌و منداڵانه‌ی، که ئه‌زمونی ژیانیان سنوورداره به‌کاریده‌هێنن. میتافۆڕ له هه‌موو لایه‌نه‌کانی ژیانی ڕۆژانه‌ماندا چه‌سپاوه ئه‌زموونه هه‌ستییه‌کانی ژیانمان ده‌گرێته‌وه. (البوعمراني، ٢٠٠٩، ١٢٤). ئه‌م دوو پێشه‌نگه جه‌خت له‌سه‌ر ئه‌وه ده‌که‌نه‌وه، که به‌کاره‌ێنانی میتافۆڕ له ژیانی ڕۆژانه‌دا بووه به شتێکی ئاسایی و هه‌میشه‌یی، زۆرجار به‌بێ ئاگایی و هه‌ندێ جاریش به ئاگاییه‌وه له په‌یوه‌ندییه‌کانی ڕۆژانه‌دا به‌کارده‌هێنرێت. (صالح، ٢٠٢٣، ٣). ئه‌م دیارده ئاوه‌زییه به جۆرێک تێکه‌ڵی ژیانی مرۆڤ بووه، که وای له هه‌ندێک زمانه‌وان کردووه بڵێن: ((زمانی ئێمه زمانی میتافۆڕه، ئێمه به‌بێ میتافۆڕ زمانمان نییه.)). (باپیر، خالد، ٢٠٢٣، ٢٦٦). له‌به‌رئه‌وه‌ی میتافۆڕ داهێنان و نوێبوونه‌وه و قوڵبوونه‌وه‌ی بیر و ده‌وڵه‌مه‌ندکردنی فه‌رهه‌نگی زمان ده‌گه‌یه‌نێت. سیسته‌می هزری مرۆڤ، که شێوه‌ی بیرکردنه‌وه و چالاکیمان دیاریده‌کات، له بنه‌ڕه‌تدا سروشتێکی میتافۆڕییانه‌ی هه‌یه. ئه‌گه‌ر په‌یڕه‌وی بیریمان له سروشتدا میتافۆڕی بێت، ئه‌وا شێوه‌ی بیرکردنه‌وه و شێوه‌ی په‌یبه‌شتبردن و هه‌موو چالاکی ڕۆژانه‌مان به زۆری به میتافۆڕ ده‌کرێت. سیسته‌می هزری به سروشت میتافۆڕییه، له‌وه‌وه سه‌رچاوه‌ی گرتووه، که ئێمه زۆربه‌ی جار له ڕێی چه‌مکێکه‌وه له چه‌مکێکی تر تێده‌گه‌ین و هزر به‌و جۆره کارده‌کات. زمانیش ڕه‌نگدانه‌وه‌ی هزره، بۆیه زمانیش له بنه‌ڕه‌تدا هه‌ڵگری چییه‌تی میتافۆڕییه. (عه‌بدوڵڵا، ٢٠١٤، ٢١).

که‌واته میتافۆڕ ڕۆڵێکی فراوانی له ژیانی مرۆڤدا هه‌یه، به‌جۆرێک، که نه‌ک ته‌نیا له زمانی مرۆڤدا، به‌ڵکو له بیرکردنه‌وه و کرده‌وه‌کانیشماندا به‌دی ده‌کرێت، له ڕاستیدا له سیسته‌مه

چەمکییەکانی ئێمەدا، کە تێیدا بیردەکەینەوە و رەفتار دەکەین. سروشتێکی میتافۆڕیانەی هەیە، میتافۆڕ پەیوەستە بە بیر و لێی جیانابێتەوە، هەربۆیەش لاکۆف و جۆنسۆن ئەوەیان خستۆتەڕوو، کە شوێنی میتافۆڕ بیرە نەک زمان. بە واتایەکی تر میتافۆڕ تەنیا لەسەر ئاستی زمان دروستنابێت، بەڵکو لە بنەڕەتدا لەسەر ئاستی چەمکەکان دروستدەبێت، پاشان بۆ زمان دەگوازرێتەوە، بۆیەش ئێمە تەنیا بە شێوەی میتافۆڕ قسە ناکەین، بەڵکو بە شێوەی میتافۆڕ بیریش دەکەینەوە. (باپیر، ٢٠٢٠، ٣٥).

دروستە چەمکییەکان و شارەزایی و نەخشەپێشینەکان، یان ئەو وێنە هۆشەکییانەی لە یادگەی درێژخایەندا هەڵگیراون، کە لە ئەزموونەوە وەرگیراون رێکدەخرێن. ئەم پرۆسە میتافۆڕییە لە قۆناغێکی پێشکەوتوتردا کەلتور و واتا کۆدەکاتەوە، کە بە ئاوێتەبوونی چەمکەکانە. (عومەر، ٢٠٢٤، ١٨٠). کەوایە چەمکەکان گرنگییەکی زۆریان هەیە، چونکە کۆنتڕۆڵی بیرکردنەوە و ئەرکی رۆژانەی ئێمەیان بەدەستەوەیە، لەبەرئەوەی، کە سیستەمی چەمکی مرۆڤ لەسەر بنەمای میتافۆڕ چەسپاوە، بەمەش هەم زمان میتافۆڕییە هەم بیریش. (ئەمین، نادر، ٢٠٢٣، ٤٨٧). لەگەڵ ئەمەشدا ئەوەی لە مێشکدایە میتافۆرە چەمکییەکەیە و ئەوەی لە جیهانی دەرەوەدایە و دەردەبڕدرێت میتافۆرە زمانییەکەیە. (هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٤٨٨).

لێرەدا لاکۆف و جۆنسۆن بە توندی رووبەڕووی ئەم بۆچونە دێرین و رەگداکوتاوانە دەبنەوە و هەر لە کتێبەکەیاندا بەم شیوەیە تایبەتمەندی میتافۆڕ دەخەنەڕوو:

١- میتافۆڕ خاسڵەت و تایبەتمەندی چەمکەکانە، نەوەک هی وشەکان. واتە میتافۆڕ لە سەرچاوەی بیرکردنەوەی مرۆڤەوە دێت و وشەکان تەنیا دەستەواژەیەکن بۆ وێناکردنی ئەم پەیوەندییە.

٢- ئامانجی میتافۆڕ ئەوەیە لە رێگای چەمکەکانەوە چاکتر لە جیهان بگەین، واتە ئەرکی میتافۆڕ توانای تێگەیشتنمانە لە چەمکە ئەبستراکتەکان لە رێگای چەمکە دیارەکانەوە. ئەمەش بەردەوام بە شێوەیەکی خودکارانە لە ژیانی رۆژانەدا بەکاردەهێندرێت. نەوەک ئامانج لێی تەنها کاریگەری رەوانبێژی و جوانناسی بێت.

٣- مەرج نییە لە هەموو بارێکدا میتافۆڕ لەسەر بنچینەی لێکچواندن بێت.

٤- میتافۆڕ تایبەت نییە تەنها بە شاعیران و نوسەران و کەسانی بەهرەمەند، بەڵکو رۆژانە لەلایەن خەڵکی ئاساییەوە بەکاردێت.

٥-لەڕووی زمانەوانییەوە میتافۆڕ چێژ بە زمان دەبەخشێت و جوانکاری و ڕەوانبێژی تێدایە، بەڵام پرۆسەیەکی حەتمی و دانەبڕاوی بیرکردنەوەی واقیعیانەی مرۆڤە. .(Kövecses, 2002, 1-2)

٦- میتافۆڕەکان پەیوستن بە تێگەیشتنە کولتوورییەکانی ئێمەوە، میتافۆڕەکانی دەرەوەی ئەم چوارچێوەیە دەکرێت ببنە هۆی تێکچوونی تێگەیشتن و خوێندنەوە. (البوعمراني، ٢٠٠٩، ١٢٤). واتە میتافۆڕەکان ڕەنگدانەوەی کوتوورن و لە ئەزموونی ئەو کتوورەوە دروستدەبن، لەگەڵ ئەمەشدا دەکرێت هەندێک میتافۆڕی هاوبەش لە نێوان زمانەکاندا هەبێت.

لەگەڵ ئەم تایبەتمەندییانەی سەرەوە ئێمەش پێمانوایە میتافۆڕی چەمکی ئەم تایبەتمەندییانەی هەیە.

٧- زۆربەی سیستەمی تێگەیشتنی مرۆڤ لەسەر بنەمای میتافۆڕ دامەزراوە. واتە میتافۆڕەکان بە شێوازی سیستەمی کاردەکەن نەک بە شێوەی هەڕەمەکی.

٨- میتافۆڕەکان ڕێگایەکی کاریگەرن بۆ ڕوونکردنەوە و فێرکردنی چەمکە ئەبستراکت و ئاڵۆزەکان.

٩- بیرکردنەوەی میتافۆڕی بەشێوەیەکی بنەڕەتی پەیوستە بە ئەزموونی جەستەیی و فیزیکیی مرۆڤ. واتە، میتافۆڕەکان لە ئەزموونەکانی وەک جوڵە، بینین، یا هەستکردنەوە سەرچاوە دەگرن.

١٠- زۆربەی میتافۆڕەکان ئەوەندە لە ناو زمان و بیرکردنەوەدا ڕەگیان داکوتاوە، کە خۆماڵی دەبن و تێبینییان ناکەین. بەشێوەیەکی سیستەماتیکی دەریاندەبڕین.

١١- جگە لە میتافۆرە خۆماڵییەکان، مرۆڤ توانای دروستکردنی میتافۆڕی نوێ و داهێنەرانەشی هەیە، کە ڕێگا دەدات چەمکەکان بەشێوازێکی بەرهەمەێن و وردتر لێکبدرێنەوە. ئەم جۆرە میتافۆڕانە زۆرتر لە هونەر و ئەدەبدا دەبینرێن.

کەواتە دەتوانین بڵێین جیاوازی بینینی ئەم دوو دیدگایە تەنها گۆڕینی پێناسە نییە، بەڵکو گۆڕانە لە شێوەی بینینی کارکردنی زمان و بیر. بەراوردکردنی ئەم دوو بینینە دەریدەخات، کە بینینی کۆن، میتافۆڕ لە جیهانی وشە دادەنێت بۆ بەکارەێنانی جوانکاری لە ئەدەبیاتدا، لەکاتێکدا بینینی نوێ میتافۆڕ بەرەو جیهانی چەمک و بیرکردنەوە دەبات و بە ئامرازێکی بنەڕەتی تێگەیشتن و بیرکردنەوەی دادەنێت. ئەم گۆڕانەش بۆ ئەوە بوو، کە زانستەکان و توێژینەوەکان لە سەر میتافۆڕ بەرزتر بکرێنەوە ومیتافۆڕ وەک بنەمای

بیرکردنەوە و تێگەیشتن بناسرێت. توێژینەوەی زمانەوانی و وەرگێرانی فەرهەنگی بەهێز بکرێنەوە.

سەبارەت بە پێناسەی میتافۆری چەمکی، لە لایەن زمانەوانان چەندین پێناسەی جیاواز خراونەتەڕوو، لەوانە:

لاکۆف و جۆنسۆن بەم شێوەیە پێناسەی میتافۆر دەکەن: بریتییە لە تێگەیشتن و ئەزموون کردنی جۆرێک لە شتەکان لە ڕوانگەی شتێکی ترەوە. (Lakoff & Johnson, 2003, 5).

هەندێکجار ئاخێوەر بۆ گەیاندنی پەیامەکەی وشەیەک یاخود دەربڕینێکی دەقاودەقی لە فەرهەنگدا دەستناکاوێت، تاوەکو بیرەکەی خۆی لە ڕێگایەوە و لە بواری پەیوەندی و لەیەکگەیشتندا، جا چ بواری ئاخاوتن، یان نووسین بێت، بگەیەنێت.بۆ ئەو مەبەستە میتافۆر بەکاردەهێنێت. میتافۆریش وشەیەکی خوازەییە بە چەمکێکی نوێوە بۆ پڕکردنەوەی کەلێنە فەرهەنگییەکان بەکاردەهێنرێت. (ئەحمەد، ئەحمەد، ٢٠٢٢، ٢٢). هەروەها میتافۆری چەمکی بوارێکی فراوان لە بیرکردنەوە و چالاکیەکانی مرۆڤ دەگرێتە خۆی و ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێ لە هێنانەکایەی چەمکی نوێ و وێناکردنی لە چوارچێوەی فۆرمێکی زمانیدا، چونکە میتافۆری چەمکی لە بنەڕەتدا تێگەیشتن و ئەزموونکردنی شتێکە و نوواندنیەتی بە شتێکی دیکە. (مەقدید، ٢٠٢٣، ٨٤).

میتافۆری چەمکی بریتییە لە کۆمەڵەیەکی سیستماتیکی هاوتای نێوان دوو بوار. (Semino, E., & Demjén, Z, 2017, 14).

میتافۆری چەمکی بریتییە لە تێگەیشتن لە بوارێکی ئەزموون (کە بە شێوەیەکی تایبەت کۆنکرێتییە) لە ڕووی بوارێکی دیکەوە، (کە بە شێوەیەکی تایبەت ئەبستراکت بێت). (Kövecses, 2017, 13).

واتە لێکدانی دوو بواری چەمکییە، کە هەریەکەیان سەر بە بوارێکی جیاوازن، مەبەست لە بوارە جیاوازەکانیش هەریەک لە بواری سەرچاوە و بواری ئامانجە. (باپیر، خالد، ٢٠٢٣، ٦٢٢-٦٢٣). لەگەڵ ئەمەشدا زۆربەی پێکهاتەی مێشک بریتییە لە وێناکردنی میتافۆر، کە ڕێگا بە بوارێکی زانیاری (ئامانجەکە) دەدات تاوەکو لێی تێبگەین بەهۆی بوارێکی ترەوە (سەرچاوە). هەڵبژاردنی میتافۆرەکان دەشێت جیاواز بن لە کولتوورێکەوە بۆ کولتوورێکی تر، چونکە سروشتی مرۆڤ و ئەزموون و کولتووری کۆمەڵ بنچینەی میتافۆر دەستەبەر دەکەن. (عمر، ٢٠٢٣، ٤٦).

**١-٥. بوارەکانی میتافۆری چەمکی:**

هەروەک دەگوترێت مرۆڤ هەر لەسەرەتاکانی بوونەوە بەردەوام هەوڵدەدات بۆ ناسین و تێگەیشتن و کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر شتەکانی دنیای دەوروبەری خۆی. هەر شتێک لە ژیانی ڕۆژانەیدا بەر هەستەکانی دەکەوێت لەسەر بنەمای پرۆسەیەکی زانینی و ئەزموونکردن لە مێشکدا دەچەسپێت. ئەم کارەش لە ژیاندا بەردەوامە، چونکە مرۆڤ بەردەوام هەوڵدەدات زانیاریەکانی زیاد بکات و شتەکانی دەوروبەری ئەزموون بکات. ئەم ئەزموونکردنەش بە شێوەیەکی سیستەماتیکی لە بیر و زمان ڕەنگ دەداتەوە و ئەو سیستەمە چەمکیە ئەزموونکراوە دەکاتەوە بنەمای ئەزموونکردنی چەمکە نائاشناکان. (زهرە، ٢٠١٠، ١٢٩).

کەواتە بەپێی تێڕوانینی تیۆری میتافۆری چەمکی، مرۆڤ لە ڕێگای ئەزموونکردن و تێگەیشتن لە شتێک و بەهۆی جۆر، یان بابەت و شتگەلێکی دیکەوە لە جەوهەری میتافۆر تێدەگات. بە دەربڕینێکی دیکە جەوهەری میتافۆر چەشنێکە لە تێگەیشتنی مرۆڤ و لە بەرانبەر بە بابەتێک بەهۆی بەرجەستەکردن و پەسەندکردنی شتەکانی دیکەوە.

لە تیۆری میتافۆری چەمکی، هەموو پەیوەندیەکی میتافۆری لە نێوان دوو بوار پێکدەهێنرێت: بوارێکی سەرچاوە (Source Domain) و بوارێکی ئامانج (Target Domain). بوارە سەرچاوەکان ئەو بوارانەیە، کە زۆرجار لە ژیان و ئەزموونی ڕاستەوخۆی مرۆڤ وەردەگرن و بەکاردەهێنرێن بۆ ڕوونکردنەوەی تێگەیشتنە چەمکییەکان. ئەمانە زۆرجار تایبەتمەندی جەستەیی، فزیکی، و فەرهەنگیان هەیە، کە بە ئاسانتر لەبەرچاودەبن و لە بیرکردنەوەدا بەکاردەهێنرێن. بواری ئامانج بە زۆری ئەبستراکتە. هەروەها لە میتافۆری چەمکیدا لەسەر بنەمای بواری سەرچاوە ئاماژە بە تایبەتمەندییەکانی بواری ئامانج دەکرێت. (Kövecses, 2002, 15-16). لاکۆف و جۆنسۆن پێیان وایە،کە ناتوانرێت چەمکی ئامانج بناسین تەنها لە ڕێگای چەمکی سەرچاوەوە نەبێت. واتە لە ڕێگای بەرهەستێکەوە نابەرهەستێک دەناسرێت. بە دەربڕینێکی سادەتر میتافۆری چەمکی بریتییە لە تێگەیشتن لە چەمکی ئامانج لە ڕێگای چەمکی سەرچاوەوە. (ئەمین، نادر، ٢٠٢٣، ٤٨٩).

هەروەک ئاماژەمان پێدا بواری سەرچاوە بوارێکی کۆنکرێتییە. مرۆڤ بەهۆی گوزارشتە میتافۆرییەکەیەوە لە بوارێکی چەمکی دیکە دەدوێت. بواری مەبەستیش بوارێکی ئەبستراکتە. هەندێکجار جیهانی هزریی ناوەکی و سۆزداری، یان بوارە نەزانراو و نەبینراوەکان

لە دنیای فیزیکیدا دەگرێتەوە. (ئەحمەد، ئەحمەد، ٢٠٢٢، ٢٣). لەگەڵ ئەمەشدا زۆرجار پەیوەندی نێوان بواری ئامانج و بواری سەرچاوە بە جۆرێکە، کە دەکرێت لە یەک کاتدا بوارێکی سەرچاوە بۆ چەند بوارێکی ئامانج بەکاربێت، یاخود هەر بوارێکی ئامانج بۆ چەندین بواری سەرچاوە بلکێندرێت، بۆ نموونە (گەرمی) وەک بوارێکی سەرچاوە بۆ چەندین بواری ئامانجی وەکو (عیشق، ڕق، کێشە) بەکاردێت، یاخود بە پێچەوانەوە (عیشق )وەکو بوارێکی ئامانج دەتوانرێ لەسەر چەند بوارێک وەکو (جەنگ، گەشت، هتد. ...). بنیادبنرێت. (باپیر، ٢٠٢٠، ٣٩).

**١-٥-١. بواری سەرچاوە:**

گرنگی بواری سەرچاوە لەوەدایە یارمەتی زمانەوانان، وەرگێران دەدات بۆ ڕوونکردنەوەی چەمکەکان، کە لە فەرهەنگە جیاوازەکاندا هەن، هەروەها ئاسانکردنی وەرگێڕانی میتافۆڕ بە جیاوازی کەمتر لە ڕوونکردنەوە، لەگەڵ چۆنیەتی بەکارهێنانی میتافۆڕ لە ژیانە ڕۆژانە.

کۆڤێکسز یەکێکە لە پێشەنگەکانی بواری میتافۆڕی چەمکی تایبەتمەندی بوارەکانی میتافۆڕی چەمکی و دیارترین و باوترین بوارەکانی میتافۆڕی چەمکی (بواری سەرچاوە و بواری ئامانج) بۆ هاوگیرییە میتافۆڕییەکان دەستنیشان دەکات.

کۆڤێکسز دەڵێت تایبەتمەندییەکانی بوارە سەرچاوە زۆرجار لەم بوارانەن کە:

١. ئاسانن بۆ هەستکردن و بینین – چونکە بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە ژیانی ڕۆژانەدا دەبینرێن.

٢. ئەزموونی جەستەییان تێدایە – مرۆڤ بە هەستە فزیکییەکانەوە ئەمانە دەزانێت.

٣. پەیوەندی فەرهەنگی هەیە – ئەمانە لە هەموو کۆمەڵگەکان هەستیان پێدەکرێت، بەڵام جۆری بەکارهێنان دەکرێت بەپێی فەرهەنگ جیاواز بێت.

٤. دیارترین بواری چەمکی سەرچاوە ئەمانەن: جەستەی مرۆڤ، گیانداران، ڕووەکەکان، بینا و تەلارەکان، مەکینە و ئامێرەکان، وەرزش و یاریکردن، گەرمی و ساردی، پارە و مامەڵەی ئابووری، خواردن و چێشت دروستکردن، ڕووناکی و تاریکی، هێز و جوڵە و ئاراستەکان. .(Kövecses, 2010, 16-20)

**١-٥-٢. بواری ئامانج:**

لە چوارچێوەی تیۆری میتافۆڕی چەمکی، بواری ئامانج (Target Domains) ئەو بوارانەن، کە میتافۆڕ بەکاریاندەهێنێت بۆ ڕوونکردنەوەیان و ئاسانکردنی تێگەیشتنیان.

ئەم بوارانە کەمتر بە ڕاستەوخۆیی لە هەستەکاندا وەردەگیرێن، بەڵام بە گیرکردنیان لەگەڵ بواری سەرچاوەیەکی فزیکی و ڕوون، دەکرێت ڕوونبکرێنەوە.

گرنگی بواری ئامانج یارمەتیت دەدات بۆ تێگەیشتن لە بنەمای فەرهەنگی و ئەزموونی میتافۆر، ئاسانکردنی وەرگێڕانی میتافۆرە چەمکییەکان، دەرککردنی چۆنیەتی ڕوونکردنەوەی چەمکەکان لە ژیانی ڕۆژانەدا.

کۆڤێکسز دەڵێت بوارە ئامانجە باوەکان زۆرجار ئەو تایبەتمەندییانەیان هەیە:

١. شیکردنەوەی بواری ئامانج – ئەمانە نادیار و بەهێزن بۆ هەستکردن، وەک خۆشەویستی، ئاشتی، یان مافی مرۆڤ.

٢. پەیوەندی بە ژیانی ڕۆژانە – لە ژیانی ڕۆژانەدا بەردەوام بەکاردەهێنرێن و تێیاندەگەین، بەڵام بە ڕاستەوخۆیی نابینرێن.

٣. پەیوەندی بە ئەزموونە جیهانییەکانەوە – بە شێوەیەکی بنەڕەتی لە هەموو مرۆڤێکدا هەن، بەڵام فەرهەنگ و ئەزموونی جۆراوجۆر کاردەکاتە سەر درکپێکردنیان.

٤– کۆڤێکسز دیارترین بوارەکانی ئامانج دەستنیشاندەکات. لەوانە ژیان، خۆشەویستی، کات، خود، زانست و زانیاری، سۆز، ئارەزوو، ئاکار (ئەخلاق)، بیرکردنەوە، کۆمەڵگە و نەتەوە، سیاسەت و پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان، ئابوری، پەیوەندیکردن (گفتوگۆ)، ژیان و مردن، ڕووداو و کردارەکان. (Kövecses, 2002, 21–24).

### ١–٥–٣. نەخشەکێشان (Mapping):

لە نێوان ئەو دوو بوارەدا پەیوەندییەک هەیە، کە بە کرۆکی میتافۆری چەمکی دادەنرێت. ئەویش (نەخشەکێشان)ە، کە ئەرکی پراکتیزەکردنی تایبەتمەندییەکانی نێوان بواری سەرچاوە و بواری ئامانجە، کە لە شێوەی میتافۆردا لەیەکتر نزیکبوونەتەوە. (مهند، ٢٠١٩، ١٠٨). لاکۆف و جۆنسۆن زاراوەی نەخشەکێشانیان لە بیرکارییەوە وەرگرتووە. لە تیۆری میتافۆری چەمکی گرنگییەکی زۆریان بە نەخشەکێشان داوە و بەم شێوەیە باسی دەکەن، کە مێشکی مرۆڤ هەڵدەستێت بە پەیوەستکردنی پێکهاتەکانی بواری سەرچاوە و بواری ئامانج. ئەو پەیوەستییەی نێوان دوو بوارەکان بەیەکترەوە پێی دەگوترێت نەخشەکێشان. لە هەمان کاتدا ئەوەشیان خستۆتەڕوو،کە هەرچەندە ئەو دوو بوارە چەمکییە لە دروستبوونی میتافۆری چەمکیدا بەشێوەیەکی نائاگایانە دروستدەبن، بەڵام لە خۆیانەوە ناچنە پاڵ یەکتری، بەڵکو لەسەر بەرنامەی سیستەمێک، کە لە مێشکی مرۆڤدا هەیە دەچنە پاڵ یەکترەوە و میتافۆر دروستدەبێت. (Lakoff & Johnson, 2003, 246).

کەواتە نەخشەکێشان بریتییە لە نەخشاندنێکی تۆکمە لە نێوان خاسیەتە پێکەێنەرەکانی بواری سەرەکی و بواری ئامانج. بۆ تێگەیشتن لە میتافۆری هزری پێویستە لەو چەند زنجیرە نەخشاندنە تێبگەین، کە لە نێوان بواری سەرەکی و بواری ئامانج ڕوودەدەن، لە هەمان کاتیشدا ئەو زنجیرە نەخشاندنەی نێوان بوارەکان واتا دەبەخشنە میتافۆڕەکان. (عمر، ٢٠٢٣، ١٢٧).

بەم پێیە لە چوارچێوەی تیۆری میتافۆری چەمکی، نەخشەی میتافۆری واتە ئەو پەیوەندیەی نێوان بواری سەرچاوە و بواری ئامانج، کە زانیاری و تایبەتمەندییەکان لە یەک بوارەوە دەگوازرێنەوە بۆ بوارەکەی دیکە. واتە پەیوەندیکردنی تایبەتمەندییەکان لە بواری سەرچاوەدا بۆ بواری ئامانج بە شێوەیەکی سیستەماتیک و هەماهەنگ.

گرنگی فێربوونی نەخشەکان: یارمەتی زمانەوان و وەرگێران دەدات بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی گواستنەوەی زانیاری نێوان بوارەکان، هەروەها یارمەتیمان دەدات لەوەی، کە چۆن دەکرێت میتافۆڕ تێگەیشتنی چەمکی ئاسان بکات. (Kövecses, 2002, 6–7).

کەواتە نەخشەکێشان بۆ مەبەستی نیشاندان و خستنەڕووی ئەو پەیوەندییە ئۆرگانییەی، کە لە نێوان هەردوو بوارەکەدا هەیە بەکاردێت، ئەو دوو بوارە چەمکییەش لەسەر بنەمای سیستەم کاردەکەن و لە نێوان هەردوو بوارەکەشدا جۆرێک لە پێکەوەیی و گونجان هەیە، کە پێی دەگوترێت نەخشەکێشان.

**١-٦. گرنگی میتافۆری چەمکی:**

١- یەکێک لە گرنگییەکانی میتافۆڕ داهێنانی زمانییە، کاتێک نێرەر لە پرۆسەی بەکارهێنانی زماندا میتافۆڕ بەکاردەهێنێت، ئەم بەکارهێنانە لە پرۆسەی تێگەیشتندا ئاسانکاری بۆ وەرگر دەکات، هەروەها یارمەتیدەریش دەبێت بۆ فێربوونی زمانێکی داهێنەرانە.

٢- یەکێکی تر لە گرنگییەکانی میتافۆڕ ئەوەیە، کە پێناسەیەکی نوێ بە وشە دەدات. (بەکارهێنانی دەستەواژەیەک بۆ پێناسەی جیاواز).

٣- میتافۆڕەکان یەکێکن لەو ئامرازانەی، کە ڕەنگە نێرەر وا لە وەرگر بکات ئارەزوو لە درێژەدان بە بابەتەکەی زیاد بکات.

٤- بەکارهێنانی میتافۆڕ پانتایەکی تری دەربڕینی ناباو فەراهەم دەکات و تاڕادەیەک نێرەر و وەرگر لە سوان و دووبارەکردنەوە دەپارێزێت. (صالح، ٢٠٢٣، ٨-٩).

٥- گرنگیەکی تری میتافۆڕ لەوەدایە واتا فەرهەنگییەکەی دەربڕینەکە ناسڕێتەوە، بەڵکو واتای نوێ و ڕەوان دەەێنێتە نێو زمانەکەوە و واتا فەرهەنگیەکەش دەپارێزێت. بەمەش ڕۆڵێکی فراوان و بەرچاو دەبینێت لە گەشەسەندن و گۆڕانی واتای وشەدا.

٦- یەکێکی تر لە گرنگییەکانی میتافۆڕ ئەوەیە چەمکە ئاڵۆزەکان ڕووندەکاتەوە و دیدێکی نوێ بۆ بابەتەکە دابیندەکات. بە یارمەتی چەمکە کۆنکرێتییەکان چەمکە ئەبستراکتەکان دەردەکەون.

٧- کورتبڕی (ئابوریکردن) یەکێکی ترە لە گرنگیەکانی میتافۆڕ، کاتێک کەسێک لێت دەپرسێ خۆشەویستی چییە؟ تۆش ناتوانی و مەجالی ئەوەت نییە بە چەند پەرەگرافێک وەڵامی بدەیەوە ڕاستەوخۆ میتافۆڕ بەکاردەەێنی دەڵێیت: عیشق جەنگە.

٨- میتافۆڕ دەبێتە هۆی گەشەسەندن و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان.

٩- بەبێ میتافۆڕ زۆر قۆناغی چەمکی تێگەشتن سەخت دەبێت.

١٠- پێکەێنانی بنەمای ڕەفتاری مرۆڤ، میتافۆڕەکان تەنها لەسەر زمان کاریگەر نین، بەڵکو شێوازی ڕەفتار و بڕیاردانمانیش دیاری دەکەن.

١١- کاریگەری لەسەر تەندروستی دەروونی، تیۆری میتافۆڕی چەمکی یارمەتی دەروونناسان دەدات تێبگەن، کە خەڵک چۆن ئەزموونە دەروونییەکان لێکدەداتەوە.

١٢- گرنگییەکی تری میتافۆڕ ئەوەیە ڕوونی و کاریگەریی قسە زیاد دەکات.

**١-٧. جۆرەکانی میتافۆڕی چەمکی:**

میتافۆڕەکان بەپێی ڕوانگە و قوتابخانە زمانەوانییە جیاجیاکان، پۆلێنی جیاجیایان بۆ کراوە، لەناو زمانەوانە کوردەکانیش باس لە هەندێ جۆر کراوە، ئێمەش هەوڵدەدەین بە کورتی بیانخەینەڕوو.

ئەو زمانەوانانەی باس لە جۆرەکانی میتافۆڕی چەمکی دەکەن لە ڕوانگەی زمانەوانی کۆگنەتیڤەوە کە لاکۆف بە ڕێبەری تیۆرە میتافۆڕییە چەمکییەکان لە قەڵەم دەدرێت بەسەر چەند جۆرێکدا دابەشی دەکات:

**١- میتافۆڕی پێکهاتەیی:**

دروستەیی، بونیادی، ڕۆنانیشی پێدەگوترێت. ئەم جۆرە سیستەمێکی میتافۆرییە کە تیایدا بوارە ئەبستراکتەکان لەسەر بنەمای بوارە فیزیکی و خاوەن ڕۆنانەکانەوە دادەڕێژرێن و ڕووندەکرێنەوە. (Lakoff & Johnson, 2003, 14). ئەرکی مەعریفی ئەم میتافۆڕانە ئەوەیە کە قسەکەران بتوانن لەبواری ئامانج تێبگەن بە یارمەتی پێکهاتەی بواری سەرچاوە.

(Kövecses, 2002, 34). بە واتایەکی تر، لەم جۆرە میتافۆرەدا بواری ئامانج لەسەر بنەمای تایبەتمەندییەکانی بواری سەرچاوە بونیاددەنرێت. هەڵبەتە توانای ئەم میتافۆرە پێکهاتەیانە بۆ گرێدانی دوو شتی تەواو و جیاواز بۆ خەیالی مرۆڤ دەگرێتەوە، چونکە لێکچوون و جیاوازیەکان لە ڕێگەی خەیال و بیرکردنەوەی مرۆڤەوە دێنە کایەوە. (جەواد، ۲۰۲۱،۵۰). کەواتە بواری سەرچاوە لە ڕێگای پرۆسەی نەخشەسازیەوە لە یەک نزیکبوونەوە دروستدەکات لەگەڵ بواری ئامانجدا بە مەبەستی لێکدانەوەی زانیاریەکانی بواری ئامانج. (مەقدید، ۲۰۲۳، ۹۱). لێرەدا ئەزموونە ئاڵۆز و ئەبستراکتەکان لەسەر بنەمای ئەزموونی سادە و دیاریکراو بەچەمکدەکرێن. واتە لە ڕێگای چەمکە کۆنکرێتییەکەی مەودای سەرچاوەوە دەگەین بە تێگەیشتن لە چەمکی ئەبستراکت. بۆنمونە (ژیان گەشتە). (ئەحمەد، ئەحمەد، ۲۰۲۲، ۳۰-۳۱).

**٢- میتافۆری ئەنتۆلۆجی:**

میتافۆری (بوونناسی)ی پێدەگوترێت، پەیدابوونی ئەم میتافۆرانە بەهۆی ئەوەوەیە کە ئەزموونی فراوانی مرۆڤ لەگەڵ شتە فیزیکیەکان بەتایبەتی لەشی مرۆڤ خۆیەتی. قسەکەر چالاکی و کردەکان و هەستەکان و بیرکردنەوەکانی وەکو کیان و ماددە سەیردەکات. میتافۆری ئەنتۆلۆجییانە بۆ تێگەیشتن لە ڕووداو و کردەکان و چالاکی و بارەکان (حاڵەت)ەکان بەکاردێ، بەشێوەیەکی میتافۆریانە ئەم چەمکانە لەزمان وێنا دەکەن وەک ئەوەی مامەڵە لەگەڵ شتێکی ماددی دا بکەین. لە میتافۆری ئەنتۆلۆجیدا چەمکە ئەبستراکتەکان لەوێنەی هەست و سۆز بیرۆکەکان، ڕووداو و چالاکی جۆراوجۆرەکان لەڕێی قەوارە بوونێکی فیزیکی و ماددیەوە وەسف دەکرێت. بەگشتی میتافۆری ئەنتۆلۆجی بەسەر سێ جۆردا دابەش دەبێت:

أ- میتافۆری ئەنتۆلۆجی بوون و ماددە:

هەندێکجار مامەڵەی ئێمەی مرۆڤ لەگەڵ چەمکێکی ئەبستراکتدا وەک بوون یان قەوارەیەک دەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی باشتر لەو بابەتە تێبگەین و زیاتر بیناسین و لەبارەیەوە بدوێین. واتە لێرەدا چەمکێکی ئەبستراکت بە شتێکی ماددی (بوون) دەچوێندرێت، بۆئەوەی زیاتر لە بابەتەکە تێبگەین و ڕوونبێت بۆمان. بۆ نمونە: ئێمە بە ئاڕاستەی ئاشتی هەنگاو دەنێین. (جەواد، ۲۰۲۱، ۵۲).

ب- میتافۆری ئەنتۆلۆجی دەفری:

تێڕوانینی مرۆڤ بۆ شتەکانی دەوروبەر و لەتەکیشیدا تەنە فیزیکییەکان جیاواز و فرەجەشنن، هەندێکجار لەشێوەی دەفرێک لە تەنەکانی دەوروبەر و دنیا دەڕواندرێت، هەروەها زۆرجاریش دنیای فیزیکی چواردەوریشمان دەکرێت بەهەمان شێوە وەکو دەفرێک ببینرێت، بۆ نموونە: ژوور، ماڵ، پەردە، مەنجەڵ، سەلاجە، قوتوو. هتد. ... لەم ڕوانگەیەشەوە چەمکە ئەبستراکتەکانیش لە چوارچێوەی میتافۆری دەفر یان کۆنتەینەردا سەیردەکرێن و زیاتر تاک ئاشنا دەبێت و پتر درکیانپێدەکات. بۆ نموونە: لەناو خۆشەویستییەکی قووڵدایە. (خۆشەویستی وەکو دەفر). (ئەحمەد، ئەحمەد ٢٠٢٢، ٢٩).

ج- میتافۆری ئەنتۆلۆجی بە مرۆڤکردن (بوونگەرایی):

ئەم جۆرە بە جۆرێکی تایبەت لە میتافۆری ئەنتۆلۆژی دادەنرێت، لێرەدا چەمکە ئەبستراکتەکان، کە تایبەتمەندی مرۆڤیان نییە، وەکو مرۆڤ مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و هەمان تایبەتمەندی مرۆڤیان دەدرێتێ و هەروەک مرۆڤ وێنا دەکرێن. ( Lakoff & Johnson, 2003, 25). بۆنموونە: ژیان فێڵی لێکردم.

**٣- میتافۆری ئاراستەیی:**

ئەم میتافۆرانە بە میتافۆری شوێن یان دیاریکەری شوێن ناودەبردرێن. ناوی (میتافۆری ئاراستەیی) لەو ڕاستییەوە سەرچاوەی گرتووە کە زۆربەی ئەو میتافۆرانەی کە ئەم ئەرکە ئەنجام دەدەن پەیوەندییان بە ئاراستە فەزاییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤەوە هەیە، وەک سەرەوە، خوارەوە، ناوەند، دەوروبەر، نزیک، دور، لە پێش، لە پاش، قول، تەنگاو، ناوەڕاست، قەراخ. لێرەدا هەموو ئەم چەمکانەی خوارەوە ئاراستەی (سەرەوە) یان هەیە، لە کاتێکدا (پێچەوانەکانیان) ئاراستەی (خوارەوە) یان هەیە (Kövecses, 2002, 36).

بەپێی تیۆرەکەی لاکۆف و جۆنسۆن، ئاراستەکانی شوێن، زادە و بەرئەنجامی کارلێککردنی نێوان مرۆڤەکان و ئەو ژینگە فیزیکییانەن کە مرۆڤەکان تێیدا دەژین. بۆیەشە مرۆڤ بواری ئاراستە شوێنییەکان بەکاردەهێنێت بۆ ئەزموون کردن و وێنا کردنی بوارە ئەبستراکتەکانی وەکو بڕ، چەندیەتی و هەست و سۆز و بەهای کۆمەڵایەتی. (جەواد، ٢٠٢١، ٥٥). واتە لەم چەشنە میتافۆرییەدا بواری ئامانج بە هەنگاوە ئاراستەییەکانی وەک (سەرەوە، خوارەوە، پێشەوە، دواوە، هتد. ..). ڕووندەکرێتەوە. بۆ نموونە: دەنگی تەلەفزیۆنەکە کز بکە. بۆنموونە: لە خۆشییان خەریک بوو بفڕێت.

**٢- شیکردنەوەی میتافۆڕی چەمکی بەپێی ڕەهەندە دەروونییەکان**

**٢-١. کاریگەری ڕەهەندی دەروونی لەسەر دەربڕینە میتافۆڕییەکان:**

هەستەکان ئەو تایبەتمەندیە سەرەکی و نادیارانەن، کە تابلۆی ژیانی مرۆڤی دەڕازێننەوە. ئەوانە بناغە و قاڵبی ئەزموونی مرۆڤین، وەڵامێکن بۆ داگیرسانی ڕووداوەکانی ژیان، بەهۆی زمانەوە یاخود بەهۆی دەرکەوتە فیسیۆلۆجییەکانەوە دەردەکەون. لە کۆنترین سەردەمەوە مرۆڤەکان هەوڵیانداوە لە قوڵاییەکانی ناخی خۆیاندا بگەڕێن و وەسفی هەستە ناڕوونەکانی خۆیان بکەن، لە فەیلەسووفەکانی یۆنانی کۆنەوە بۆ سەردەمی ئێستا توێژینەوە لەسەر هەستەکان کراوە و سەرنجی زۆرێک لە زمانەوانانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە بەتایبەتیش لە ئێستادا توێژینەوە سەبارەت بە هەست و سۆز لای زمانەوانانی مەعریفی گرنگیەکی زۆری هەیە. هەستەکان سادە نین، بەڵکو پرۆسێکی ئاڵۆزی زانستی و دەروونین، کە لە نێوان دڵ، مێشک و جەستەدا ڕوودەدەن.

کەواتە هەست (سۆز) بریتییە لە وەڵامی دەروونی و فیسیۆلۆجی، کە مرۆڤ، یان گیانلەبەر لە دوای ڕووداوێک، یان بەرکەوتنێکی دەرەکی، یان ناوەکییەوە پیشانی دەدات. هەستەکان کارلێکێکی ئاڵۆز لە نێوان مێشک، کۆئەندامی دەمار، و هۆرمۆنەکاندا دروستدەکەن. لەگەڵ ئەمەشدا هەستەکان بەشێکی سەرەکی و سروشتیی ئەزموونی مرۆڤین و کاریگەرییەکی قووڵیان لەسەر بڕیارەکان و ڕەفتارەکانمان هەیە. هەستەکان چەمک گەلێکی ئەبستراکتن، کە دەتواندرێت لە ڕێگای میتافۆڕەوە بابەتی بکرێن.

کۆڤێکسز جەخت لەسەر ڕۆڵی سەرەکیی زمان لە ئاشکراکردنی بیرۆکەی خەڵک و بیروباوەڕەکانیان دەکاتەوە، بەتایبەتی ئەو بیرۆکانەی، کە زانیاریی هاوبەشیان دەربارەی ئەزموونەکانی مرۆڤ و بەدیاریکراوی ئەزموونی هەست هەیە. بە بڕوای کۆڤێکسز ئاخێوەرانی زمان کاتێک، زمانێک بۆ قسەکردن دەربارەی ئەزموونە هەستیەکان بەکاردێنن پڕە لە میتافۆڕ. (Kövecses, 2000, 8). هەستەکانی مرۆڤ، وەک خەم و خۆشەویستی و ترس، هتد... . چەمکێکی ئەبستراکت و ئاڵۆزن. مرۆڤ بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر میتافۆڕ بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی ئەم چەمکانە بکاتە شتێکی دیار و وەسفپێکراو. واتە هەستەکان نادیارن. میتافۆڕ وەک ئامرازێک کاردەکات بۆ وەسفکردنیان. پەیوەندی نێوان میتافۆڕ و هەست، پەیوەندییەکی قووڵ و سەرەکییە. بەو پێیەی ئەرکی میتافۆڕ چاکتر تێگەیشتنە لە هەندێک چەمک و دەرخستن و ڕوونکردنەوەی چەمکەکان، میتافۆڕ وەک پێکهاتەیەک کاردەکات، کە پەیکەری

بیرکردنەوەمان لەسەر هەستەکان دروستدەکات. لەگەڵ ئەمەشدا ڕێگایەکی گەیاندنە، هەستەکان دەکەونە خانەی بواری ئامانجەوە، چونکە نادیار و شاراوەن (ئەبستراکتن) بەهۆی بواری سەرچاوەوە ڕووندەکرێنەوە. کەواتە لێرەدا دەردەکەوێت میتافۆر ئامرازێکی گرنگە بۆ خستنەڕووی هەستەکانمان.

**٢-٢. شیکردنەوەی ڕەهەندە دەروونییەکان لە دەربڕینە میتافۆرییەکاندا:**

جۆرەکانی میتافۆر لە زۆر ڕوانگەوە پۆلێن کراون، لەم بەشەدا ئەم میتافۆرانە دەخەینەڕوو، کە لە زمانی کوردیدا سواون زۆر بەکارەێنراون و بە میتافۆری هەست ناسراون. چەمکاندن لەنێوانی بواری سەرچاوە و ئامانجیاندا کراوە و پەیکاڵکراون و ئەم میتافۆرانەیان بەرهەمهێناوە.

**١. میتافۆری خۆشەویستی:**

هەروەک لە بەشی یەکەمدا ئاماژەمان بە ڕەهەندی خۆشەویستی کرد، لێرەشدا باس لە میتافۆری خۆشەویستی دەکەین. بۆ نموونە:

**(لە خۆشەویستییەکی قووڵدایە).**

کاتێک کەسێک کەسێکی تری خۆشدەوێت و تەواو وابەستە بووە پێوەی، دەوروبەر بەم شێوازە پێناسەی دەکەن. ئەم دەربڕینە دەربڕینێکی میتافۆرییە، چونکە ئەگەر لە ڕاستی بابەتەکە بکۆڵینەوە دەزانین خۆشەویستی ناکرێت قووڵ بێت، چونکە خۆشەویستی شتێکی فیزیکی و بەرجەستە نییە. کەواتە خۆشەویستی بواری ئامانجە. بەمەبەستی نیشاندانی ڕێژەی خۆشەویستییەکە وشەی قووڵ بەکاردەهێنرێت، کە مەبەست لێی بواری سەرچاوەیە. ئەمەش لەپێناو ڕوونکردنەوەی بواری ئامانجەکەیە. ئەم میتافۆرە لە جۆری میتافۆری ئەنتۆلۆجی (دەفری)یە، کە وا پێناسەی خۆشەویستی دەکات، لە ناوەندێکی فیزیکیدابێت و خۆشەویستییەکە لە چوارچێوەیەکدا دادەنێت.

| میتافۆر | لە خۆشەویستییەکی قووڵدایە |
|---|---|
| بواری ئامانج | خۆشەویستی |
| بواری سەرچاوە | قووڵ |
| هەست | خۆشەویستی |
| جۆری میتافۆر | ئەنتۆلۆجی (دەفری) |

**٢- میتافۆری ڕق:**

ڕق هەستێکی دەروونی نەرێنیی درێژخایەنە. ئەم نموونەیەی خوارەوە میتافۆرێکی ڕقە:

**(ڕقی هەستا).**

زۆرجار مرۆڤ لەکاتی گفتوگۆ، ئەوەندە وشەی توند بەکاردەهێنێت تا دەگاتە ئەنجامێکی نەخوازراو، یاخود ناخۆش، کە دەکرێت لە یادگەی بەرانبەردا بمێنێتەوە و کاریکاتە سەر لایەنی دەروونی کەسەکە. لەم میتافۆرەدا کەسێک گفتوگۆی لەگەڵ کەسێکی تردا کردووە و وشەیەکی پێ گوتووە، کە بووەتە هۆی ئەوەی کەسی بەرانبەر هەستێکی ناخۆش و نەرێنی ئەزموون بکات. لە ئەنجامدا بە ڕقدابچێت. ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە، کە وشەکان بەهێز و کاریگەرن لە ناوەندێکی دەروونیدا. ئەم میتافۆرە، کاتێک بەکاردەهێنرێت، کە کەسێک توڕەبووبێت، لە ئاکامدا ڕقی کەسەکە بە ئاراستەی سەرەوە بەرزبووبێتەوە، یان هەستابێت. ڕق بواری ئامانجە، هەستا، کە چالاکییەکی فیزیکییە، بواری سەرچاوەیە. جۆری ئەم میتافۆرەش ئاراستەییە و ئاراستەکەشی بۆ سەرەوەیە.

| | |
|---|---|
| میتافۆر | ڕقی هەستا |
| بواری ئامانج | ڕق |
| بواری سەرچاوە | هەستان |
| هەست | ڕق |
| جۆری میتافۆر | ئاراستەیی |

**٣- میتافۆری چێژ:**

چێژ وەک هەستێکی ئەرێنی و خۆشی لەلایەن مرۆڤەوە پێناسەی بۆ کراوە. لێرەدا نمونەیەک لەسەر میتافۆری چێژ دەخەینەڕوو:

**(تامی ژیان).**

تام کە هەستێکی فیزیکی و چێژبەخشە، نەخشێنراوەتە سەر چەمکی ژیان، کە چەمکێکی کۆکراوەیە. مەبەست لێی ئەوەیە، کە ژیان چێژێکی دیاریکراوی هەیە و ئەو چێژە هەستێکی قووڵی ناوەکییە، کە بە هەستی تامکردنی فیزیکییەوە چوێنراوە. کاتێک دەڵێن تامی ژیانمان لێ تاڵ بوو، یان تامی ژیانمان خۆشە، مەبەست لێی چێژوەرگرتن و خۆشییە. لەم میتافۆرەدە چێژ و ئەزموونی ژیان بواری ئامانجە و تام بواری سەرچاوەیە. جۆری میتافۆرەکەش بوون و ماددەیە.

| | |
|---|---|
| میتافۆر | تامی ژیان |
| بواری ئامانج | ژیان |
| بواری سەرچاوە | تام |
| هەست | چێژ |
| جۆری میتافۆر | بوون و ماددە |

**٤- میتافۆری ئازار:**

ئازار هەستێکی نەرێنی مرۆڤە و ئەزموونێکی تاڵ بە مرۆڤ دەدات. لێرەدا نموونەیەک لە میتافۆری ئازار دەخەینەڕوو:

**(دەردی گرانە).**

دەرد بە واتای نەخۆشی، ئازار دێت؛ کاتێک کەسێک ئازارێکی کوشندە و قورسی هەبێت، یان لە خەمێکی دژوار و سەختدا بێت. دەڵێت، دەردم گرانە. گران بە واتای قورسایی و بارستە دێت و بابەتێکی فیزیکییە. ئەم دوو وشەیە، کە یەک دەگرن میتافۆرێکی چەمکی بەرهەم دەهێنن، کە مەبەست لێی دژواری ئازارێکی دەروونی یان جەستەییە. وشەی (دەرد) بواری ئامانجە، وشەی (گران)یش بواری سەرچاوەیە. جۆری میتافۆرەکەش پێکهاتەییە.

| | |
|---|---|
| میتافۆر | دەردی گرانە |
| بواری ئامانج | دەرد |
| بواری سەرچاوە | گران |
| هەست | ئازار |
| جۆری میتافۆر | پێکهاتەیی |

**٥- میتافۆری متمانە:**

متمانە وەک لە بەشی یەکەم باسکراوە، بریتییە لە باوەڕپێکردنی لایەنی یەکەم بە لایەنی دووەم، بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی هاوبەش. ئەمەی خوارەوە نموونەیەکە لەسەر میتافۆری متمانە:

**(پشت بەخودا ببەستە).**

مرۆڤ ئەگەر باوەڕی بە خودا هەبێت دەبێت بەردەوام لە هەموو کاروکردەوەکانیدا پشت بە خودا ببەستێت. لە ڕوانگەیەکی دینی، پشت بەخودا بەستن یەکێکە لەو کارە

سەرەکییانەی، کە مرۆڤ ئەنجامی دەدات. خودا وەک دروستکەری مرۆڤ و هەموو شتێک، هێزێکی دەسەڵاتدار و گەورەترین پاڵپشتییە بۆ مرۆڤ. هەڵکەوتەی دەروونی مرۆڤ وەهایە، کە بەهۆی هاندان و پاڵپشتیکردن ورەی دێتەبەر و توانای پێویست بۆ ئەنجامدانی کارێک پەیدا دەکات، بەڵام لێرەدا وەک میتافۆرێک بەکارهاتووە، کە لەڕاستیدا ئەم قسەیە لە ناوەندێکی فیزیکیدا ڕاست نییە و بەدی نایەت، چونکە خودا کارەکتەرێکی بەرجەستە نییە و ناکرێت بۆندێکی فیزیکی لەگەڵ مرۆڤ ببەستێت، بەڵام هەمیشە زۆرێک لە مرۆڤەکان وەک باڵاترین دەسەڵات و پاک و دادپەوەر پێناسەی دەکەن و دەروونی خۆیان بەوە ئارام دەکەنەوە، کە خودا لەپشتیانە و بەم هۆیەشەوە متمانەیان بەخۆیانە. کەواتە متمانە بە خودا بواری ئامانجە و پشت بەستن بواری سەرچاوەیە. جۆری میتافۆرەکەش ئەنتۆلۆجی (بوون و ماددە)یە.

| میتافۆڕ | پشت بەخودا ببەستە |
|---|---|
| بواری ئامانج | متمانە بە خودا |
| بواری سەرچاوە | پشت بەستن |
| هەست | متمانە |
| جۆری میتافۆڕ | بوون و ماددە |

**٦- میتافۆڕی بێ متمانەیی:**

بێ متمانەیی جۆرێکە لە لاوازی دەروونی و وا لە مرۆڤ دەکات توانای ئەنجامدانی کارێکی نەبێت و بڕوا بەخۆبوونی ئەو مرۆڤە لاواز دەکات. لەخوارەوە میتافۆڕێکی بێتمانەیی باس دەکەین:

**(بەختم ڕەشە).**

بەخت دەستەواژەیەکە بەکاردەهێنرێت بۆ بابەتێکی سەروو سروشتی، کە مرۆڤ پێی وایە هەندێک جار، کە شتێک لە بەرژەوەندی ئەوان کاربکات بەهۆی باشی بەخت و بەپێچەوانەشە بەهۆی بەخت خراپییەوەیە. لەڕاستیدا بەخت بابەتێکی زانستی نییە، چونکە هیچ بوارێکی زانستی نایگرێتە خۆی. هەموو ڕووداو و پێشهاتەکان، کە تووشی مرۆڤ دێن پێویستە هۆکارێک لەپشتیانەوەبێت. کەواتە بەخت بابەتێکی ئەبستراکتە و بواری ئامانجە. ڕەش، کە گوزارشتە لە ڕەنگێک، لێرەدا نیشانەشە بۆ بابەتێکی نەرێنی، بواری سەرچاوەی ئەم میتافۆڕەیە. ئەم میتافۆڕە کاتێک بەکاردەهێنرێت، کە مرۆڤێک



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ١

متمانە بەخۆبوونی پێویستی نەبێت بۆ ئەنجامدانی کارێک. ڕەهەندی میتافۆڕەکەش ئەنتۆلۆجی (بوون و ماددە)یە.

| | |
|---|---|
| میتافۆڕ | بەختم ڕەشە |
| بواری ئامانج | بەخت |
| بواری سەرچاوە | ڕەش |
| هەست | بێ متمانەیی |
| جۆری میتافۆڕ | بوون و ماددە |

**٧- میتافۆڕی دڵخۆشی:**

دڵخۆشی خۆراکێکی ئەرێنییە بۆ دەروونی مرۆڤ. ئەمەی خوارەوە نموونەیەکە لەسەر میتافۆڕی دڵخۆشی:

**(خۆشی بەرەو ڕووم هات).**

خۆشی ئەو هەستەیە، کە مرۆڤ دەگەشێنێتەوە و وزە دەدات بە مرۆڤ. خۆشی بابەتێکی فیزیکی و بەرجەستە نییە و نابینرێت و ناتوانرێت دەستی لێبدرێت، بەڵام ناتوانرێت نکۆڵی لە بوونیشی بکرێت. مرۆڤ زۆرجاران بەهۆی پەیوەندییەکەوە، یان بەهۆی ئەنجامدانی کارێکەوە دڵخۆش دەبێت، بەڵام قەت وا ڕوونادات خودی خۆشی بخرێتە سەر شێوەیەکی فیزیکی و قاچ هەڵێنێت بەرەو کەسێک. بۆیە لێرەدا (خۆشی) بواری ئامانجی ئەم میتافۆڕەیە و (هاتن) بواری سەرچاوەکەیەتی، جۆری میتافۆڕەکەش بەمرۆڤکردنە، چونکە وا دەردەبڕدرێت، کە خۆشی وەکو وجودێکی بەرجەستە بەرەوڕووی کەسێک هاتبێت. بێگومان ئەمەش وەک چواندنە بە مرۆڤ، یان کردارێکی مرۆڤ، کە لەپێشوودا لە جۆرەکانی میتافۆڕ ڕوونمانکردۆتەوە.

| | |
|---|---|
| میتافۆڕ | خۆشی بەرەو ڕووم هات |
| بواری ئامانج | خۆشی |
| بواری سەرچاوە | هاتن |
| هەست | دڵخۆشی |
| جۆری میتافۆڕ | بەمرۆڤکردن |

**٨- میتافۆری خەمۆکی:**

بەپێچەوانەی دڵخۆشی، خەمۆکی هەستێکی نەرێنی قوڵ و توندە. ژیان لەبەرچاوی مرۆڤ دەخات و توانا و وزەی لێ دەبڕێت. ئەمەی خوارەوە میتافۆرێکە، کە بەکارهاتووە بۆ دەربڕینی هەستی خەمۆکی.

**(لەناو خەمێکی قووڵدایە).**

خەم وەک لە پێشوودا باسمان کرد، هەستێکی نەرێنی نەگریس و نەخوازراوە. ئەندازە و شێوەی نییە، چونکە وەک ماددەیەکی بەرجەستە وجودی نییە، بەڵام نکۆڵی لە قەبارە و بارستە مەعنەوییەکەی ناکرێت. ئاساییە خەم گەورە و بچووک، کورتخایەن و درێژخایەن، زۆر و کەم بێت. مرۆڤ بۆ دەربڕینی رێژەی خەمەکە، پەنا دەباتەبەر بەکارهێنانی جۆرەهای وشە. قووڵ پێوانەی ناوەندێکی فیزیکی وەک چاڵ، دەریا و هاوشێوەکانییەتی. کاتێک ئەم دوو دەستەواژەیە (خەم، قووڵ) بەیەکەوە بەکاردێن، میتافۆرێک لە جۆری میتافۆری دەفری دروستدەکەن و بواری ئامانجی میتافۆرەکە (خەم)ە و بواری سەرچاوەکەی (قووڵ)ە.

| | |
|---|---|
| میتافۆر | لەناو خەمێکی قووڵدایە |
| بواری ئامانج | خەم |
| بواری سەرچاوە | قووڵ |
| هەست | خەمۆکی |
| جۆری میتافۆر | دەفری |

**٩- میتافۆری دڵنیایی:**

ئەم جۆرەی میتافۆر بەکاردێت بۆ دەربڕینی هەستی دڵنیایی. لە خوارەوە نموونەیەک لەسەر ئەم میتافۆرە ڕووندەکەینەوە.

**(کەسێکی بڕوا قایمە).**

کەسێک، کە بیر و بڕوای بەو شتە هەبێت، کە دەیکات و بەبێ گومانی کاری خۆی ئەنجام بدات، لەناو خەڵکیدا بە کەسێکی بڕوا قایم ناودەبرێت. بیر و بڕوا لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەکرێت جیاوازبێت. بەهەمان شێوە بڕوای تاک بەو بیر و باوەڕەی کە هەیەتی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکیتر جیاوازە. دەکرێت مرۆڤێک بڕوایەکی زۆری بە بابەتێک بێت و زۆر لەسەری سووربێت. لە بەرانبەردا مرۆڤێکی تریش بڕوای پێی هەبێت بێت بەڵام بە ئەندازەی مرۆڤی یەکەم، کە

باسمان کردووە سوور نەبێت لەسەری. قایمی، کە لێکدانەوەیە بۆ خۆڕاگری و بەهێزی ماددەیەک. لێرەدا وەک بواری سەرچاوە هاتووە بۆ وشەی بڕوا. بواری ئامانجی میتافۆرەکەش بڕوایە. جۆری میتافۆرەکەش بوون و ماددەیە.

| | |
|---|---|
| میتافۆر | بڕوا قایم |
| بواری ئامانج | بڕوا |
| بواری سەرچاوە | قایم (هێز) |
| هەست | دڵنیایی |
| جۆری میتافۆر | بوون و مادده |

**١٠- میتافۆری وەسواسی:**

کاتێک مرۆڤ هەڵبژاردنێکی پێ ناکرێت، یان گومان لە ئەنجامدانی کارێک یان لە ڕاستی و دروستی بابەتێک دەکات، تووشی وەسواسی دێت. ئێمە لێرەدا میتافۆرێکی وەسواسی دەخەینەڕوو:

**(دوو دڵم لە هەڵبژاردن).**

مرۆڤ خاوەنی یەک دڵە، ئەویش دەکەوێتە بەشی سەرەوە و ناوەڕاستی قەفەزی سنگ، شێوە ئەندازەییەکەی دڵ، کە لە کۆڵەمستی مرۆڤ دەچێت، وایکردووە لە ناوەڕاستی سینگەوە کەمێک بەلای دەستە چەپەوە بێت. وەک پێشتریش باسمان کردووە، کاری دڵ تەنیا گواستنەوەی خوێنە بۆ بەشە جیاوازەکانی لەش، بەڵام مرۆڤ کۆمەڵە کردارێکی دەدەنە پاڵ، کە لە ڕاستیدا تەنیا مەبەست لێی ئەوەیە حاڵەت و بارودۆخی خۆیانی زیاتر پێ ڕوونبکەنەوە. بەم شێوەیەش کاتێک وەسواس دەبن لە هەڵبژاردنی بابەتێک لەناو کۆمەڵە بابەتێکی تر، ئەم میتافۆرە بەکاردێنن. بەو واتایەی، کە دڵێکیان بۆ بابەتێک لێ دەدات و دڵەکەی تر بۆ بابەتێکی تر، بەڵام لەڕاستیدا مرۆڤ ناتوانێت دوو دڵ بێت، یان ببێتە خاوەنی دوو دڵ. کەواتە لەم میتافۆرەدا وەسواسی بواری ئامانجە، دوو دڵ بواری سەرچاوەیە. جۆری میتافۆرەکەش پێکهاتەییە.

| | |
|---|---|
| میتافۆر | دوو دڵم لە هەڵبژاردن |
| بواری ئامانج | وەسواسی |
| بواری سەرچاوە | دوو دڵ |
| هەست | وەسواسی |
| جۆری میتافۆر | پێکهاتەیی |


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 1
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)
مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ١

**١١ – میتافۆری ئارامی:**

ئارامی وەک هەستێکی ئەرێنی لێکدەدرێتەوە و پشوویەک دەدات بە دەروونی مرۆڤ و دەیحەسێنێتەوە. لە خوارەوە نموونەیەکی میتافۆری ئارامی، شیدەکەینەوە:

**(ئارام بگرە).**

ئەم میتافۆرە کاتێک بەکاردێت، کە کەسێک ویستی بە بەدەستەێنان، یان ئەنجامدانی شتێک هەبێت، یان چاوەڕوانی شتێک بێت، یانیش حاڵەتێکی بەسەردا هاتبێت. ئارامی تەنیا هەستێکە و وجودێکی بەرجەستەی نییە، کەواتە لەم میتافۆرەدا بواری ئامانجە، بگرەش بووە بە بواری سەرچاوە. جۆری میتافۆرەکەش میتافۆری بوون و ماددەیە، چونکە وشەی (ئارام) بە ماددەیەک چوێنراوە.

| | |
|---|---|
| میتافۆر | ئارام بگرە |
| بواری ئامانج | ئارام |
| بواری سەرچاوە | گرتن |
| هەست | ئارامی |
| جۆری میتافۆر | بوون و ماددە |

**١٢ – میتافۆری تووڕەیی:**

تووڕەیی، کە هەستێکی نەرێنی خێرایە، حاڵەتێکی هەڵچوونی دەروونییە. لە خوارەوە نموونەیەک لە میتافۆری تووڕەیی دەخەینەڕوو:

**(ئاگری دەپڕیشکاند).**

لەم میتافۆرەدا، چەمکی ئەبستراکتی تووڕەیی، وەک ئاگرێکی گەرم وەسف دەکرێت، کە لە کەسەکەوە دەپڕیشکێت. ئاگری دەپڕیشکاند بەواتای ئەوە دێت، کە تووڕەییەکەی زۆر گەرم و توندە. ئەو ڕەفتارانەی لێی دەردەچێت (پڕیشکەکانی ئاگر) مەترسیدارن و دەتوانن زیان بە دەوروبەر بگەیەنن، یان ببنە هۆی دروستبوونی کێشەی گەورەتر. واتە تووڕەییەکەی زۆر توند و گەرمە و کۆنترۆڵ نەکراوە، وەک ئاگرێکی گەورە وایە، کە مەترسی لەناوچوون بەسەر دەوروبەردا بڵاو دەکاتەوە. لەم میتافۆرەدا بواری سەرچاوە پڕیشکاندنی ئاگرە و بواری ئامانج تووڕەییە. جۆری میتافۆرەکەش پێکهاتەییە.

| | |
|---|---|
| میتافۆر | ئاگری دەپڕیشکاند |
| بواری ئامانج | توڕەیی |
| بواری سەرچاوە | پڕیشکاندنی ئاگر |

| | |
|---|---|
| هەست | توورەیی |
| جۆری میتافۆر | پێکهاتەیی |

**١٣ – میتافۆری ترس:**

ترس هەستێکی دەروونی دزێو و بێزارکەرە، گۆڕانکاری لە شێوازی کارکردنی دەروون و جەستەشدا دەکات. لیرەدا نموونەیەک لە میتافۆری ترس دەخەینە ڕوو:

**(ڕەنگی پەڕی).**

وەک لە پێشتریشدا باسمان کردووە. ڕەنگی پێست لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە. هەندێک بارودۆخ و نەخۆشی دەکرێت ببێتە هۆی گۆڕانی ڕەنگ لە مرۆڤدا، بەڵام خودی ڕەنگ پەڕین، کە بە واتای لێبوونەوە، یان نەمانی ڕەنگەکە دێت کارێکی ئەستەمە و ناکرێت کەسێک ڕەنگی بپەڕێت و بێ ڕەنگ بمێنێتەوە، ئەم میتافۆرە بەکاردێت کاتێک، کە کەسێکە ڕووبەڕووی ترسێکی زۆر ببێتەوە. ترس بواری ئامانجە و پەڕینی ڕەنگ بواری سەرچاوەی میتافۆرەکەن. جۆری میتافۆرش پێکهاتەییە.

| | |
|---|---|
| میتافۆر | ڕەنگی پەڕی |
| بواری ئامانج | ترس |
| بواری سەرچاوە | پەڕینی ڕەنگ |
| هەست | ترس |
| جۆری میتافۆر | پێکهاتەیی |

**١٤ – میتافۆری دڵەڕاوکێ:**

دڵەڕاوکێ بریتییە لە حاڵەتی شڵەژان و هەڵچوونی گشتی و بەردەوام. لە ئەنجامی پێشبینیکردنی هەڕەشەی مەترسیدار لەسەر خودی خۆی. ئەمەی خوارەوە نموونەیەکە لەسەر میتافۆری دڵەڕاوکێ:

**(دنیام لێ بوەتە چەرمی چۆلەکە).**

چۆلەکە باڵندەیەکی بچوکە. لە نزیک مرۆڤ حەز بە ژیان دەکات، چونکە ڕاوچییەکی باش نییە و زیاتر لەسەر کشتوکاڵ و خواردن و پاشماوەی مرۆڤ دەژیت. لەبەر بچوکی لەشی، خاوەنی پێست (چەرم)ێکی تەنک و تیوارە. مرۆڤ کاتێک لە دڵەڕاوکێدایە پەنا دەباتە بەر بەکارەێنانی جۆرەهای میتافۆر. یەکێک لەم میتافۆرانە ئەمەی سەرەوەیە. لێرەدا دنیا (جیهان) وەک پێستی چۆلەکەیە بۆ کەسی قسەکەر. بە واتایەکی تر، جیهان لەبەرچاوی ئەوەندە بچوک و تەنک و تیوارە. هاوشێوەی چەرمی چۆلەکەیە. ئێمە لە



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 1
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

فراوانی سنوری جیهان گومانمان نییه. ئەوە هەستی دڵەڕاوکێییە وا لە مرۆڤ دەکات سنورەکانی ژیان و جیهان لەبەرچاو و گوێیاندا بەرتەسک و بچکۆلە دەربکەون. ئەم میتافۆرە بەڵگەی کاریگەری ڕەهەندە دەروونییەکانە لەسەر دەربڕینە میتافۆرییەکان. لێرەدا (دنیا) بواری ئامانجە و (چەرمی چۆلەکە) بواری سەرچاوەیە. جۆری میتافۆرەکەش بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

پێکهاتەییە، چونکە بەهۆی بواری سەرچاوەوە بواری ئامانج ڕوونکراوەتەوە.

بوون و ماددەیە، چونکە دنیا وەک پێستی چۆلەکە نیشاندراوە.

دەفرییە، چونکە چەرمی چۆلەکە وەک دەفرێک نیشاندراوە و دنیای لەخۆگرتووە.

| | |
|---|---|
| میتافۆر | دنیام لێ بۆتە چەرمی چۆلەکە |
| بواری ئامانج | دنیا |
| بواری سەرچاوە | چەرمی چۆلەکە |
| هەست | دڵەڕاوکێ |
| جۆری میتافۆر | پێکهاتەیی، بوون و ماددە، دەفری |

**١٥ – میتافۆری دڵپیسی:**

هەستی دڵپیسی هەستێکی نەرێنییە، وا لە مرۆڤ دەکات کە بەردەوام گومان لە کەسی بەرامبەربکات و چاودێری بخاتە سەر و ئارامگرتنی نەمێنێت. لە خوارەوە یەکێک لە میتافۆرەکانی دڵپیسی باس دەکەین:

**(دڵپیسی، ژیانی تێکداوم).**

دڵپیسی وەک لە پێشتردا ئاماژەمان پێداوە، هەستێکی نەگریس و نەرێنییە، کە لەلایەن مرۆڤەوە ناپەسەند و نەخوازراوە. لەبەر لایەنە نەرێنییەکانی ئەم هەستە. زۆرجار مرۆڤ وەک کارەکتەرێکی زۆردار وەسفی دەکات و دەڵێت بەهۆی دڵپیسییەوە ژیانی وێران بووە. لەوەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە هەستەکان چەندە کاریگەرن لەسەر ژیان و دەروونی مرۆڤ. لەم میتافۆرەدا ژیان و دڵپیسی بواری ئامانجن و تێکدان بواری سەرچاوەیە. جۆری میتافۆرەکەش پێکهاتەیی و بەمرۆڤکردنە.

| | |
|---|---|
| میتافۆر | دڵپیسی، ژیانی تێکداوم |
| بواری ئامانج | ژیان، دڵپیسی |
| بواری سەرچاوە | تێکدان |
| هەست | دڵپیسی |
| جۆری میتافۆر | پێکهاتەیی، بەمرۆڤکردن |



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ١

**١٦ – میتافۆری شەرم:**

لە بەشی یەکەمدا باسمان کردووە، کە شەرم دەرخستنی ئەو ململانێیە قوڵەی نێوان ویست و ئەو بەربەستانەیە کە تاک ڕووبەڕووی دەبێتەوە، مرۆڤ بەهۆی شەرمەوە توانای چالاکی قسەکردنی لاواز دەبێت. چەندین میتافۆر هەن لەسەر شەرم. ئەمەی خوارەوە نمونەیەکە:

**(شەرم گرتی).**

شەرم هەستێکی لاوازییە، مرۆڤ کاتێک ئەزموونی دەکات، کە هەستی بە بێدەسەڵاتی، یان نامۆیی کرد. ئەم جۆرە هەستە هەندێک جار سوود بە کەسەکە دەگەیێنێت و هەندێکجاریش دەبێتە هۆی شەرمەزاربوونی. لەڕاستیدا شەرم هیچ کەسێک ناگرێت چونکە وجودێکی فیزیکی نییە و تەنیا هەستێکی دەروونییە. لەم میتافۆرەدا شەرم وەک دەسەڵاتێک پێناسە کراوە، کە کەسێکی گرتبێت. کەواتە شەرم بواری ئامانجی ئەم میتافۆرەیە و گرتی بواری سەرچاوەیە. جۆری میتافۆرەکەش بەمرۆڤکردنە.

| میتافۆر | شەرم گرتی |
|---|---|
| بواری ئامانج | شەرم |
| بواری سەرچاوە | گرتن |
| هەست | شەرم |
| جۆری میتافۆر | بەمرۆڤکردن |

**١٧ – میتافۆری هەڵچوون:**

هەڵچوون حاڵەتێکی ویژدانی بەهێزی کتوپڕی لەناکاوە. لە خوارەوە نمونەیەک ڕووندەکەینەوە:

**(فیشەکە شێتە).**

فیشەک پارچە ئاسنێکی پڕ لە باروتە، کە لە دەم (لولە)ی چەکەوە بەخێراییەکی زۆر دەردەچێت و بەر هەر شوێنێک بکەوێت زیانی پێدەگەیەنێت. وشەی شێت بۆ کەسی بێ ئارام و دەروون نەخۆش بەکاردێت. فیشەک هیچ هەستێکی نییە و ناکرێت شێت بێت. ئەم وەسفە بۆ مرۆڤی هەڵچوو بەکاردێت و بە کەسی هەڵچوو دەگوترێت فیشەکە شێتە. بەو واتایەی وەک فیشەک وێرانکەرە و وەک شێت بێ ئۆقرەیە. لەم میتافۆرەدا شێت بواری ئامانجە و فیشەک بواری سەرچاوەیە. جۆری میتافۆرەکەش بەمرۆڤاندنە.



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 1
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ١

| | |
|---|---|
| میتافۆڕ | فیشەکە شێتە |
| بواری ئامانج | شێت |
| بواری سەرچاوە | فیشەک |
| هەست | هەڵچوون |
| جۆری میتافۆڕ | بەمرۆڤکردن |

**١٨ – میتافۆڕی شەڕانگێزی:**

شەڕانگێزی ڕەفتارێکی مەترسیدارە و ئامانجی شەڕانگێزی زیان گەیاندنە بە کەسانی دیکە، یان ئازاردانی کەسانی دیکەیە. ئەمەی خوارەوە نمونەیەکە لەسەر میتافۆڕی شەڕانگێزی:

**(دەمی گەرمە).**

دەم واتە زاری مرۆڤ، ئەندامێکە مرۆڤ بەهۆیەوە دەدوێت و دەخوات و هەناسە وەردەگرێت. پلەی گەرمی دەم هاوشێوەی بەشەکانی تری جەستە لە ٣٧ºی سیلیزی دایە. ئەم پلەی گەرمییە دەکرێت بەهۆی (تا)وە بەرزتربێتەوە و تاکو ٤٦.٥ºی سیلیزی سەرکەوێت، بەڵام بەمە ناگوترێت گەرمی. بە واتایەکی تر، دەم لەو پلە گەرمییە پێویستەدا نییە، کە پێی بگوترێت گەرمە. کەواتە دەم ناکرێت گەرم بێت، بەڵام ئەم دەربڕینە مەبەست لێی دیاریکردنی پلەی گەرمی دەم نییە. بەڵکو نیشاندانی ڕێژەی شەڕانگێزی کەسەکەیە. کاتێک کەسێک هەستی شەڕانگێزی بەسەریدا زاڵ دەبێت، وشەی نەشیاو و هەڕەشە و قسەی ڕەق بەکاردێنێت، ئەمەش لەناو خەڵکیدا بە دەم گەرمی ناسراوە. کەواتە شەڕانگێزی بواری ئامانجە و دەم گەرمی بواری سەرچاوەی ئەم میتافۆڕەن. جۆری میتافۆڕەکەش پێکهاتەییە.

| | |
|---|---|
| میتافۆڕ | دەمی گەرمە |
| بواری ئامانج | شەڕانگێزی |
| بواری سەرچاوە | دەم گەرمی |
| هەست | شەڕانگێزی |
| جۆری میتافۆڕ | پێکهاتەیی |

**ئەنجام:**

– زمان و دەروون پەیوەندییەکی پتەو و دوو ئاڕاستەیان بەیەکەوە هەیە، بەهۆی زمانەوە دەتوانین باری دەروونی تاک بزانین، هەروەها بە کاریگەری دەروون، وشەکان دەردەبڕین.

– سەرجەم ڕەهەندە دەروونییەکان لە دەربڕینە میتافۆرییەکانماندا ڕەنگ دەدەنەوە، بەجۆرێک هەر گۆڕانکارییەک لە باری دەروونی تاکدا ڕوودەدات، لە دەربڕینە میتافۆرییەکاندا ڕەنگدەداتەوە.

– میتافۆر ڕۆڵێکی فراوانی لە ژیانی مرۆڤدا هەیە، سیستەمە چەمکییەکەی ئێمە سروشتێکی میتافۆری هەیە، بۆیە ئێمە تەنیا بە شێوەی میتافۆر قسە ناکەین، بەڵکو بە شێوەی میتافۆر بیریش دەکەینەوە.

– لە زمانەوانیی درکپێکردندا سێ جۆر لە میتافۆری چەمکی دیاریکراوە، ڕەهەندە دەروونییەکانی تێکەڵ بە میتافۆر ڕەنگدانەوەی هەر سێ جۆرەکەیان تێدا دەبینرێت، بەجۆرێک هەندێکیان زیاتر لە یەک جۆر دەیانگرێتەوە.

– میتافۆری چەمکی لەسەر بنەمای هاوگیری دوو بواردا دامەزراوە، بواری سەرچاوە، کە بوارێکی کۆنکریتییە بەکاردەهێنرێت بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە و تێگەیشتن لە بواری ئامانج، کە بوارێکی ئەبستراکتە، مێشک هەڵدەستێت بە پەیوەستکردنی پێکهاتەکانی هەردوو بوارەکە و ئەو پەیوەستیەش پێیدەگوترێت نەخشەکێشان.

– میتافۆرەکان ڕەنگدانەوەی کلتورن و لەسەر بنەمای ئەزموونی ئەو کلتورەوە دروستدەبن، لەگەڵ ئەمەشدا دەکرێ هەندێک میتافۆری هاوبەش لە نێوان زمانەکاندا بەدی بکرێت.

– میتافۆرەکان بەڵگەن بۆ هەبوونی کاریگەری وشە و وێنە لەسەر دەروونی مرۆڤ.

**سەرچاوەکان:**


١– ئەحمەد، تریفە عومەر. ئەحمەد، محەمەد کەریم. (٢٠٢٢). تیۆری میتافۆری چەمکی لە کۆدی شعرییدا. گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە. ژ. ٤ .

٢– ئەحمەد، محەمەد کەریم. (٢٠٢٢). درکپێکردنی وێنەی میتافۆریی لە کۆدی شعرییدا. نامەی ماستەر. زانکۆی هەڵەبجە.

٣– ئەمین، سیروان جەبار. نادر، ڕێناس خالص. (٢٠٢٣). میتافۆری چەمکیی عەشق وەک گەشت و ڕێگا لە شعرەکانی (صافی)دا. گۆڤاری توێژەر زانکۆی سۆران. ژ. ١.

٤– باپیر، دلاوەر شوکری. (٢٠٢٠). شیکردنەوەی تیۆری واتایی ئامرازە بەندەکانی زمانی کوردی لە ڕوانگەی واتاسازیی زانینی. نامەی ماستەر. زانکۆی سۆران.

٥– باپیر، دلاوەر شوکری. خالد، فاروق عزیز. (٢٠٢٣). میتافۆری چەمکی شادی لە زمانی کوردی و ئینگلیزیدا. گۆڤاری توێژەر زانکۆی سۆران. ژ. ١.

٦– جەواد، هۆشەنگ فاروق. (٢٠٢١). پوختەیەکی تیۆری میتافۆرە چەمکییەکان و پەیڕەوکردنی بەسەر هەندێ ئیدیۆمی کوردیدا. گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی. ژ. ٤٩.

٧– حەمەد، یوسف عوسمان. (٢٠١٨). دەرونزانی. چاپی یەکەم، هەولێر

٨- ڕمزا، فاروق محەمەد. (٢٠١٧). ڕەهەندی دەروونی لە هۆندراوەدا، جەمال شارباژێری بەنموونە. گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین. ژ.١١٠.

٩- صالح، هيوا حميد. (٢٠٢٣). میتافۆری هەست لە ڕوانگەی سیمانتیکی مەعریفییەوە، گۆران و ئیلیەت بە نمونە. نامەی ماستەر. زانکۆی سەڵاحەددین.

١٠- عارف، ئەڤین سامی. ( ٢٠١١). کاریگەری باری دەروونی لەسەر زمانی قسەکردن، نامەی ماستەر. زانکۆی سەلاحەددین.

١١- عزيز، عزالدين احمد. ( ٢٠١٤)، بنەماکانی دەروونزانی گشتی، چاپی پێنجەم. چاپخانەی ڕۆژهەڵات. هەولێر.

١٢- عمر، تەلار صباح. (٢٠٢٣). شیکردنەوەی گوتاری تەندروستی لە ڕوانگەی تیۆری مەعریفییەوە. نامەی دکتۆرا. زانکۆی ڕاپەڕین.

١٣- عومەر، نەوزاد ئەنوەر. (٢٠٢٤). شیکردنەوەی ئیدیۆمەکانی (سەر) لە زمانی کوردیدا، لەژێر ڕۆشنایی تیۆری مێتافۆری چەمکی، لە ڕاانگەی قوتابخانەی زانینییەوە. گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین. ژ .

١٤- فەتحوڵڵا، ڕۆژان نوری عەبدوڵڵا. (٢٠١٤). ڕۆڵی میتافۆڕ لە دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردیدا. چاپی یەکەم. چاپخانەی چوارچرا. سلێمانی.

١٥- قادر، ڕەمەزان حەمەدمین . (٢٠١٦). سایکۆلۆژیای منداڵ لە باخچەی منداڵان. چاپی یەکەم .

١٦- قەرەچەتانی، کەریم شەریف. (٢٠١٠). نەخۆشی و گرفتە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان. چاپخانەی پەیوەند. سلێمانی.

١٧- قەرەچەتانی، کەریم شەریف. (٢٠١٥). سایکۆلۆژیای زمانی منداڵ. چاپی دووەم. چاپخانەی پیرەمێرد. سلێمانی.

١٨- موکریانی، هەژار. (٢٠٠٥). هەنبانە بۆرینە. فەرهەنگی کوردی–فارسی. چاپی چوارەم. انتشرات سروشت. ایران.

١٩- مەقدید، ڕوخسار نەبی. (٢٠٢٣). میتافۆری چەمکیی ڕەنگ لە زمانی کوردیدا. گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی .

٢٠- نەسرەدین، کەمال فارووق. (٢٠١٥). خەمۆکی. چاپی یەکەم. چاپخانەی فێربوون. هەولێر.

١- البوعمراني، محمد الصالح. (٢٠٠٩). دراسات نظرية وتطبيقية في علم الدلالة العرفاني. الطبعة الأولى. المطبعة دار نهي – صفاقس.

٢- العنزي، محمد حسين عقاب. (٢٠١٢). بعض الأبعاد النفسية في أدب المنفلوطي، وفقا لبعض مدارس علم النفس. رسالة مقدمة لنيل درجة الماجستير. جامعة أم درمان الإسلامية.

٣- سوالمية، أميرة. شريف، صبرينة. (٢٠٢٢). البعد النفسي و أثره في الاكتساب اللغوي لدى تلاميذ الطور الأول السنة الأولى والثانية – أنموذجا. رسالة الماجستير. جامعة محمد البشير الإبراهيمي – برج بوعريريج .

---

١- مهند، محمد راسخ. ( ١٩٧٤). مكتاب زبان شناسى. چاپ يكم. چاپ و صحافى فرهنگ بان.

٢- هاشمی زهره. ( ٢٠٠٩). نظريةٔ استعارهٔ مفهومی از ديدگاه ليكاف. دانشجوی دكتری زبان و ادبيات فارسی دانشگاه فردوسی.

## _Sources:

1- Al-Dehaiman, M. (2021) Jealousy and Relationships. Corpus Publishers.
2- Aronson, E., Wilson, T. D. and Akert, R.M. (2022) Social psychology. 10th edn. Harlow, England: Pearson.
3- Baron, J. (2017) Thinking and Deciding. 5th edn. Cambridge: Cambridge University Press.
4- Berkowitz, L. and Harmon-Jones, E. (2004) 'Toward an understanding of the determinants of anger'. Emotion, 4(2).
5- Clark, J.M. and Paivio, A. (1991) 'Dual coding theory and education'. Educational Psychology Review, 3(3), pp. 149-210.
6- Compton, W.C. and Hoffman, E. (2020) Positive Psychology: The Science of Happiness and Flourishing. 3rd edn. London: SAGE Publications.
7- Dalai Lama and Cutler, H.C. (2009) The Art of Happiness. 10th anniversary edn. London: Penguin Books.
8- Desbordes, G., Gard, T., Hoge, E.A., Hölzel, B.K., Kerr, C., Lazar, S.W., et al. (2014) 'Moving beyond mindfulness: Defining equanimity as an outcome measure in meditation and contemplative research'. Mindfulness, 5(2), pp. 356–372.
9- Hooley, J.M., Nock, M.K. and Butcher, J.N. (2024) Abnormal Psychology. 17th edn. Harlow: Pearson.
10- Hyman, B.M. and Pedrick, C. (2022) The OCD Workbook. 4th edn. Oakland, CA: New Harbinger Publications.
11- International Association for the Study of Pain (2020) IASP announces revised definition of pain. Available at: https://www.iasp-pain.org/50_year_history/2020-present/ (Accessed: 11 November 2025).
12- Kövecses, Z. (2000). Metaphor and Emotion: Language, Culture, and Body in Human Feeling. Cambridge: Cambridge University Press.
13- Kövecses, Z. (2010). A new look at metaphorical creativity in cognitive linguistics. Cognitive Linguistics, 21(4), pp. 663-697.
14- Kovecses, Z. (2017). Levels of metaphor. Cognitive Linguistics, 28(2), pp. 321-347. doi: 10.1515/cog-2016-0052.
15- Kovecses. Z. (2002), Metaphor: Aproctical introduction, Oxford university press.
16- Kringelbach, M.L. and Berridge, K.C. (2010) 'The Neurobiology of Pleasure'. in: Kringelbach, M.L. and Berridge, K.C. (eds.) Pleasures of the Brain. Oxford: Oxford University Press, pp. 3–15.
17- Lakoff, Georgia and mark Johnson. (2003), metaphor We Live By, The University of Chicago press.
18- Lazarus, R.S. (1991) Emotion and Adaptation. Oxford: Oxford University Press.
19- Lee, J.A. (1973) Colours of Love: An Exploration of the Ways of Loving. Toronto: New Press
20- Mayer, R.C., Davis, J.H. and Schoorman, F.D. (1995) 'An integrative model of organizational trust'. Academy of Management Review, 20(3), pp. 709–734.
21- Ng, Y.K. (2021) 'What is Happiness? Why is Happiness Important?'. in: Ng, Y.K. (ed.) The Concept and the Nature of Happiness as Subjective Well-Being. Singapore: Springer.

22- Passer, M. and Smith, R. (2019) Psychology: The Science of Mind and Behavior. 8th edn. New York: McGraw-Hill Education.
23- Rousseau, D.M., Sitkin, S.B., Burt, R.S. and Camerer, C. (1998) 'Not so different after all: A cross-discipline view of trust'. Academy of Management Review, 23(3), pp. 393-404.
24- Semino, E and Demjén, Z. (eds). (2016). The Routledge Handbook of Metaphor and Language. London: Routledge.
25- Shiota, M.N. and Kalat, J.W. (2012) Emotion. 2nd edn. Wadsworth Cengage Learning.
26- Sternberg, R.J. (2005) The Psychology of Hate. Washington, D.C.: American Psychological Association.
27- Watkins, P.C. (2017) 'Joy is a distinct positive emotion: Assessment of joy and relationship to gratitude and well-being'. in: Watkins, P.C. The new a-z of positive psychology. London: Routledge.